# ئاوارەیی شارنشینی لە
# هەرێمی کوردستانی عێراق



# ناوەڕۆک


پوختەی جێبەجێکار ١

شێواز/ میتۆد ٢

دهۆك ٥

هەولێر ١٠

سلێمانی ١٥

زاخۆ ٢٠

# پوختەی جێبەجێکار

بەو پێیەی کە ماوەی ئاوارەبوون لە ناوخۆی عێراقدا تا دێ درێژتر دەبێتەوە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی و دارشتنی چارەسەری ماوە درێژی پێشبینیکراو. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان (IOM DTM) بۆ ئەم پرۆژەی توێژینەوەیەی "ئاوارەبوونی شارنشین" لە عێراق " بە ئامانجی سەرەکی پشتگیری لە پلاندانانی پشت ئەستۆر بە بەڵگە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و حکومەتی عێراق و بۆ فەراهەمکردنی زانیاری بۆ وەڵامدانەوەی ئاوارەبوون لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوو لەم قۆناغەی دوای حاڵەتی لە ناکاو، ئەنجام دا. ئەم ڕاپۆرتە وردەکاری سەربارەت بە دەرەنجامەکانی ئاوارەبوون لە ناوەندی شارەکانەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دەخاتەڕوو. ڕاپۆرتێکی هاوتا بۆ ئەو ناوەندە شارنشینانەی کە لە ناو عێراقی فیدراڵدا هەڵسەنگێراون، لەبەردەستدایە.

داتای ئەم هەڵسەنگاندنە لەسەر نموونەی خێزانەکان، کە گوزارشت لە ئاستی شار دەکات (٩٠٪، ٥٪)، لەنێوان مانگی ئازار و کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا لەسەر ئاستی ١٠ ناوەندی شارنشینی عێراق: بەغداد و ئەبوغرێب، بەعقوبە، دهۆک، هەولێر، کەرکوک، موسڵ، سلێمانی، تکریت، توز خورماتو و زاخۆ، کۆکرایەوە. تکایە بگەڕێنەوە بۆ شێوازی/ میتۆدی گشتی بۆ وردەکاری زیاتر.[1]

دەرەنجامەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان- دهۆک، هەولێر، سلێمانی و زاخۆ- لە پەڕاوی ڕاستیی هاوپێچدا خراونەتەڕوو، کە شیکارییەکی ورد بۆ بارودۆخەکانی تایبەت بە ئەو ئاوارە ناوخۆیانەی کە لە ئاوارەیی شارنشینی ماوەدرێژ دان دەخاتەڕوو. دەرەنجامە سەرەکیەکان ئەمانەن:

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-دیمۆگرافی

- لە کاتێک دا کە قەبارەی ئاوارە ناوخۆییە بەجێماوەکان بە شێوەیەکی گشتی، جێگیرە، ژمارەی دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نێوان ئابی ٢٠١٩ و ئابی ٢٠٢٠ لە نیوەی شارە هەڵسەنگێراوەکانی هەرێمی کوردستان، زیادی کردووە لەوانە هەولێر و سلێمانی، ئەم زیادبوونی دانیشتوانە بەشێوەیەکی سەرەکی بەستراوەتەوە بە جموجۆڵی ئاوارە ناوخۆییەکانەوە بەهۆی داخستنی کەمپەکان لە پارێزگاکانی عێراقی فیدراڵدا.
- شاری سلێمانی کەمترین ڕێژەی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆ دەگرێت بە بەراورد بە کۆمەڵگەی خانەخوێ، کە ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ دانیشتوانی شار یەکسانە بە ٨,٤٥ ، لە کاتێکدا زاخۆ بەرزترین ڕێژەی هەیە بە ڕێژەی ١٥,٦٩.
- لە نێوان ١١٪ (دهۆک و سلێمانی) و١٤٪ (زاخۆ) دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان تەمەنیان٥ ساڵ یان کەمتر لە٥ ساڵە و لە ئاوارەبوون دا لە دایکبوون.

## بژێوی و گوزەران

- ئەو ڕادەیەی کە خێزانەکان دەتوانن پشت بە داهاتی سەرۆک خێزانەکان ببەستن بە شێوەیەکی بەرچاو لە میانی شارە هەڵسەنگێراوەکان دەگۆڕێت، لە سەدا ٧٢ی خێزانەکان لە دهۆک ڕایانگەیاندووە کە دەتوانن پشت بەم جۆرە داهاتە ببەستن، لە بەرامبەر تەنها لە سەدا ٤٥ی خێزانەکان لە هەولێر ئەمەیان ڕاگەیاندووە. بۆ ئەو خێزانانەی کە مێینە بەرێوەیان دەبات ڕێژەکە دەگۆڕێت ک بەرزترینیان لە سەدا ٣٠یە بۆ دهۆک و لە سەدا ١٣ بۆهەولێر.
- هەروەها دهۆک بەرزترین پشکی ئەو خێزانانەی کە ڕایانگەیاندووە سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان هەیە بەردەکەوێت، بە ڕێژەی لە سەدا٦٩ی خێزانەکان ڕایانگەیاندووە کە ئەم دۆخەیان هەیە، لە بەرامبەر تەنها لە سەدا ٣٨ی خێزانەکان لە سلێمانی لەم دۆخەدان. بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە پشت بە بازرگانی نافەرمی یاخود کاری ڕۆژانە دەبەستن لە سلێمانی تۆمارکراوە بەو پێیەی کە لە سەدا ٦١ی خێزانەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو سەرچاوەی داهاتانە دەبەستن.

## پێداویستیە سەرەکیەکان لە ناوچەی ئاوارەبوون دا

- چاودێری تەندروستی وەک پێداویستیەک کە زۆرترین داواکاری لە سەرە لە هەر چوار شارەکان ڕاگەیەنراوە، کە بەرزترین ڕێژەی لە شاری دهۆک بووە بە ڕێژەی لە سەدا ٥٨ی خێزانەکان ڕایانگەیاندووە کە چاودێری تەندروستی یەکێکە لە سێ پێداویستیە هەرە لە پێشەکان.
- بارودۆخی پەناگەو نیشتەجێبوون وا دەردەکەوێت کە لە سلێمانی خراپترین بێت، بە ڕێژەی سەدا ٦٩ی خێزانەکان ڕایانگەیاندووە پێویستیان بە پەناگەیەکی نوێ هەیە، لە بەرامبەر یەک لەسەر چواری خێزانەکان لە سێ شارەکانی تر ئەمەیان ڕاگەیاندووە.
- خۆراک وەک یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزتر لە دهۆک ڕاگەیەنراوە، بە ٤٢٪ی خێزانەکان و لە بەرانبەر ٢٠-٣٠٪ی خێزانەکان لە شارەکانی تر ئەمەیان ڕاگەیاندووە.

## ئاستی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هەستی سەلامەتی و ئاسایش

- ئاوارە ناوخۆییەکان لە سەلامەتیەکی ڕێژییی لە هەر چوار پارێزگاکان دا دەژین. نزمترین ئاستی سەلامەتی لە دهۆک ڕاگەیەنراوە، کاتێک ٩١٪ی خێزانەکان ڕایانگەیاندووە کە لە سەلامەتیەکی تەواو دا دەژین، لە بەرانبەر ١٠٠٪ی خێزانەکان لە سێ شارەکانی تر ڕایانگەیاندووە کە لەم دۆخەدان. هەروەها ڕەوشی ئاسایشی باش وەک باشترین لایەنی ژیان لە ناوچەی ئاوارەبوون لە هەر چوار شارەکان، ڕاگەیەنراوە.
- ئاوارە ناوخۆییەکان بە ئاشتیانە لە هەر چوار شارەکان پێکەوە دەژین و ئاستێکی نزمی جیاکاری ڕیپۆرت کراوە کە زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکان ڕایانگەیادووە کە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن کاتێک داوای یارمەتی لە بەرپرسان دەکەن، ئەگەر پێویست بێت. بەرزترین ئاستی جیاکاری لە دهۆک ڕاگەیەنراوە، کاتێک ١٣٪ی خێزانەکان ڕایانگەیاندووە ڕووبەڕووی جیاکاری بوونەتەوە بە هۆی ئەوەی کە ئاوارەی ناوخۆیین، هاوکات بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانانەی وایان ڕاگەیاندووە کە هەست بە ئاسوودەیی ناکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسان لە زاخۆ بووە بە ڕێژەی ١٦٪ خێزانەکان.

## نیازەکانی داهاتوو و هۆکارە کاریگەرەکان

- زاخۆ بەرزترین ڕێژەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی هەیە کە ڕایانگەیاندووە، تەنانەت ئەگەر هیچ بەربەستێکیش لە پێشیان نەمێنێت بۆ گەڕانەوە ئەوان هەر پێیان باشە لە شوێنی ئاوارەیی دا بمێننەوە، بە ڕێژەی ٦٦٪ی خێزانەکان. کاتێک هەمان پرسیار کرا،سلێمانی بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانانەی هەبوو کە ڕایانگەیاند نیازی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەنیان هەیە لە ئاییندەدا، بە ڕێژەی ٤٤٪، لەگەڵ ئەمەشدا تەنها لە ١٠٪ی خێزانەکان پلانی کۆنکریتیان هەبوو بۆ گەڕانەوە و زیاتر لە نیوەیان (٥٣٪) ڕایانگەیاند کە لە ماوەی ٢-١ ساڵی داهاتوو یاخود درێژتر لەو ماوەیە دەگەڕێنەوە، بە نیشاندانی ئەوەی کە سەرەڕای ئەم نیازە زۆرترە بۆ گەڕانەوە، زۆرینەی خێزانەکان پێیان باش بوو لە شوێنی ئاوارەبوونی خۆیان، بە لانیکەمەوە بۆ ماوەی ٢-١ ساڵی داهاتوو، بمێننەوە.
- هەرچەندە زیاتر لە نیوەی خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەر چوار شارەکان دا، ڕایانگەیاندووە کە نیازی مانەوەیان هەیە لە ناوچەی ئاوارەبوونیان بۆ ماوەیەکی درێژ، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆریشیان بەردەوامن لەوەی خۆیان وەک ئاوارەی ناوخۆیی هەژمار بکەن، ڕێژەکە لە نێوان ٧٠٪ لە دهۆک و سلێمانی بۆ ٨٧٪ لە زاخۆ دەگۆڕێت.
- لە هەموو شارەکان دا، ئەو خێزانانەی کە ڕایانگەیاندووە پێشتر هەوڵی گەڕانەوەیان داوە (جارێک یان زیاتر لە جارێک) وا دەردەکەوێت ڕابگەیەنن کە نیازی ئاییندەیان بریتیە لە گەڕانەوە بۆ ناوچەی ڕەسەنی خۆیان. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە گەڕانەوەی شکستخواردوو نەبووەتە هۆی ساردکردنەوەی خێزانەکان لە گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە ئاییندەدا و تەنانەت ئەمە وای کردووە کە خێزانەکان مکورتر بن لە گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان. لەگەڵ ئەوەش، دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن ئەو خێزانانەی کە هەوڵی گەڕانەوەیان داوە، توانای ئابوورییان زیاترە لەو کەسانەی کە هیچ هەوڵی گەڕانەوەیان نەداوە، کە ئەمەش وەک فاکتەرێک لە توانایان بۆ هەوڵدان بۆ گەڕانەوە دەردەکەوێت نەک نیشاندەرێکی لاوازییان.
- ئەو خێزانانەی کە لە لایەن مێینەوە بەرێوەدەبرێت زیاتر وا دەردەکەوێت ڕابگەیەنن کە نیازی داهاتوویان ئەوەیە لە ناوچەی ئاوارەبوندا بمێننەوە، کە ئەمەش پێدەچێت پەیوەندی بە ئاستی بەرزتری لاوازییانەوە هەبێت و ئەمەش وا دەکات کە گەڕانەوەیان زیاتر ڕووبەڕووی ئالنگاری بێتەوە.

[1] خستنەڕوێکی گشتی ڕێبازی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی لە وێبسایتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بەردەستە.

## شێواز/ میتۆد

ئـەم بەشـە پوختـەی میتـۆدی بەکارهێنراو بـۆ ئـەم هەڵسـەنگاندنە دەخاتـەڕوو - تکایـە بگەڕێنـەوە بـۆ پوختـەی میتـۆد بـۆ وەسـفێکی وردتـر. بـەو پێیـەی کـە زۆرینـەی قەبارەی بەجێـماوی ئـاوارە ناوخۆییـەکان نیشـتەجێی ناوەنـدی شـارەکانن لـە سەرانسـەری عێـراق، تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان بڕیـاری دا ئـەم لێکۆڵینەوەیـە جەخـت لەسـەر ئـەو ناوەندانـە بکاتـەوە، لەگـەڵ ئـەو داتـای کـە لە ئاسـتی خێزانەکاندا کۆکـراوە بۆ دروسـتکردنی ئـەو دەرەنجامانـەی کـە دەرخـەری ئاسـتی شـارەکە و ئاسـتی وڵاتـن[2]. داتـای بەردەسـت لەسـەر ئـەو ئاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە ژێـر مەترسـی ئاوارەبوونـی درێژخایـەن دان، بـەکار هاتـووە بـۆ دیاریکردنـی ناوەنـدی سـەرەکی شـار کـە تـەوەری ئـەم لێکۆڵینەوەیـەن. ئـەم ناوچانـە بەمەبەسـتی تێگەیشـتن لـە بەرەوپێشـچوون و ئاڵنگاریەکانـی پەیوەندیـدار بـە بەدەسـتهێنانی چارەسـەری ماوەدرێـژ بـۆ ئاوارەبـوون، دەستنیشـانکراون. بـۆ مەبەسـتی ئـەم لێکۆڵینەوەیە، ئاوارەبوونـی ماوەدرێـژ بـە سـێ سـاڵی ئاوارەبـوون یـان درێژتر پێناسـە دەکرێـت و هەمـوو ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـە لـە خۆدەگرێـت کـە لـە ئەنجامـی قەیرانـی سـاڵی ٢٠١٤ (یـان دووبـارە ئـاوارە بـوون لـە ئەنجامـی ئـەم قەیرانـە، ئەگـەر پێشـتر ناچـار کرابن تـا پێـش سـاڵی ٢٠١٤ نیشـتەجێ ببنـەوە)[3] ئاوارەبـوون. هەروەهـا هەمـوو ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە توێژینەوەکـەدا هـەن لـە کۆمەڵگـەی خانەخـوێ نیشـتەجێن و لـە کەمپـەکان نیشـتەجێ نیـن، چونکـە بارودۆخـەکان بـۆ ئـاوارە ناوخۆییـەکان جیـاوازی زۆری هەیە لە نێوان کەمپەکان و بارودۆخەکان لە کۆمەڵگە خانەخوێکان دا.


ئـەو شارانەی بـۆ توێژینەوەکـە دەستنیشـان کـراون ئەمانـەن: شـاری بەغـداد و ئەبوغرێـب، شـاری بەعقوبـە، شـاری دهـۆک، شـاری هەولێـر، شـاری کەرکـوک، شـاری موسـڵ، شـاری سـلێمانی، شـاری تکریـت، شـارۆچکەی تـوز خۆرماتـوو و شـارۆچکەی زاخـۆ. ئـەو ناوەنـدە شارنشـینانە بـە بەکارهێنانـی لیسـتی سـەرەکی تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان خولـی ١١٢ (نوێتریـن وەشـان لـە کاتـی دیـاری کردنـدا) دیـاری کـران، بـە ڕەچاوکردنـی ئـەو ناوچانـەی کـە گەورەتریـن ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییەکانـی دەرەوەی کەمپەکانـی هەیـە، توانـای دەستگەیشتن و باری ئاسایش[4].

ئـەم پـەڕاوی ڕاسـتیانە دەرەنجامەکانـی تایبـەت بـە شـارە هەڵسـەنگێراوەکانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، دەخاتـە ڕوو: دهـۆک، هەولێـر، سـلێمانی و زاخـۆ. دەرەنجامەکانـی تایبەت بە شارە هەڵسەنگێراوەکانی عێراقی فیدراڵ لە دۆکیومێنتێکی جیا، خراونەتەڕوو:

دوا بـەدوای دەستنیشـانکردن، ژمـارەی دانیشـتوانی ئـاوارە ناوخۆییەکانـی ناوەنـدی شارنشـین لەسـەر ئاسـتی گەڕەکەکان، نەخشـەی بۆ کێشرابوو بۆ نیشـاندانی دابەشـبوونی ژمـارەی دانیشـتوانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە سەرانسـەری شار/شـارۆچکەدا. دواتـر تیمەکانـی هەڵسـەنگاندن و وەڵامدانـەوەی خێـرای تۆمـاری بەدواداچوونـی ئاوارەکانـی سـەر بـە ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ زانیـاری وردی خۆجێیـان بەکارهێنـاوە بـۆ ئـەوەی بزانـن کام گـەڕەک بـە بەشـێک لـە ناوەنـدی شارنشـین دادەنرێـت، بـۆ ئـەوەی شـوێنەکانی دەرەوەی شارنشـین و لادێ نشـینەکان بـەدەر بکرێـن. بـۆ مەبەسـتی ئـەم هەڵسـەنگاندنە، گەڕەکەکانـی 'شارنشـین' بـەو گەڕەکانـە ئەژمارکـران کـە بـە تـەواوی پشـتیان بـە ناوەندێکـی شارنشـین بەسـتووە بۆ کار و خزمەتگوزارییە سـەرەتاییەکانی وەک چاودێری تەندروسـتی و پەروەردە.

بەمەبەسـتی نمونـە وەرگرتـن، هـەر ناوەندێکـی شارنشـین بـە جیا مامەڵـەی لەگـەڵ کـرا، بەپشتبەسـتن بـە قەبـارەی ژمـارەی دانیشـتوانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان و ژمـارەی ئـەو گەڕەکانـەی کـە دانیشـتوانی بـە ئامانجکـراو بـە سـەریاندا دابەشـبوون. لـە هەندێـک ناوچەدا نمونـە وەرگرتنـی زیاتـر ئەنجـام درا بۆ ئـەوەی دڵنیابـن لەوەی کـە دەکرێت داتای سـەرەکی سـەبارەت بـە قـەزا/ پارێـزگای ڕەسـەن کۆبکرێتـەوە، بـۆ باشـترکردنی کارایـی نموونەکـە بـە گشتی.

نەخشەی ١: ئەو ناوەندە شارنشینانەی کە نمونەیان لێوەرگیراوە




٢ دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ (ILA V) ئەوە پیشاندەدات کە لە ٦٤٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناوچە شارنشینەکان دا دەژین لە سەرانسەری عێراق دا، ٢٤٪ لە کەمپەکان و ٣٪ لە دەوروبەری شارەکان و ٩٪ ش لە ناوچە گوند نشینەکان دا دەژین. زانیاری زیاتر دەکرێت بەدەستبخرێت لە http://iraqdtm.iom.int/ILA5

٣ ئاوارەبوونی درێژخایەن بە گشتی بە بارودۆخێک وەسف دەکرێت کە تێیدا ڕێگە لە ئاوارە ناوخۆییەکان دەگرێت لە گەیشتن بە چارەسەری بە درێژخایەن کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی لاوازی و هەژاری و پەراوێزخستن کە بە هۆی ئاوارەبوونەوە دروست دەبێت . پێوەری ئەم دیاریکردنە پەیوەندی هەیە بە: ماوەی ئاوارەبوون (UNHCR ئاوارەبوونی ماوەدرێژ بە سێ ساڵ یان زیاتر لە ئاوارەبوون پێناسە دەکات) ئەو شوێنانەی کە چارەسەری درێژخایەن تیایاندا ناکرێت فەراهەم بکرێت (بۆ نموونە گەڕانەوە، نیشتەجێبوون لە ناوچەی ئاوارەبوون دا، یان نیشتەجێکردنەوە لە ناوچەی سێیەم دا) بەردەوام بوون لە پشت بەستن بە یارمەتی مرۆیی لە کاتێکدا کە بارودۆخی ئابووری یان بەرەو باشتر بوون ناچێت یان زیاتر بەرەو خراپ بوون دەچێت، و بەردەوام بوون یان خراپتربوونی کاریگەرییە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاوارەبوون و پەراوێزخستن.

٤ وێترین وەشانی لیستی سەرەکی (Master List)، خولی ١١٢، بۆ وەرگرتنی سەرەتایی نموونەکە بەکارهاتووە، دواتر داتا بۆ شارەکانی هەولێرو دهۆک و زاخۆ و سلێمانی و موسڵ کۆکرایەوە. دوای دەستپێکردنی کۆکردنەوەی داتاکان، سنووردارکردنی هاتووچوو بە ئامانجی سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ٢٠١٩ (COVID-١٩) جێبەجێ کرا و کۆکردنەوەی داتاکان راگیرا. پێش ئەوەی کۆکردنەوەی داتا لە ئەیلولی ٢٠٢٠ دەست پێبکاتەوە، نمونەی ئەو پێنج شوێنەی کە ماون - بەغداد و ئەبوغرێب، بەعقوبە، کەرکوک، تکریت و توز خورماتوو - بە بەکارهێنانی لیستی سەرەکی ١١٧ نوێکرایەوە.

خشتەی ١: جیاکردنەوەی نمونە/ سامپل بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق[٥]

| شار | دانیشتوان | | نمونە/ سامپل | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی خێزانەکان | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی خێزانەکان |
| دهۆک | ٤٤ | ٥,٩٧٢ | ٤٤ | ٣٤٣ |
| هەولێر | ٩٣ | ٢٠,٦٠٤ | ٦٨ | ٥٠٠ |
| سلێمانی | ١٥١ | ١٠,٠٣٥ | ٧٢ | ٥٢٥ |
| زاخۆ | ١٣ | ٦,٨١٩ | ١٣ | ٣٥٠ |
| بەغداد و ئەبوغرێب | ٣٦٥ | ٤,٨١٩ | ٧٤ | ٤٥٢ |
| بەعقوبە | ١٦ | ٢,٢٩٩ | ١٦ | ٣٣٠ |
| کەرکوک | ٣٨ | ١٢,١٠٤ | ٣٨ | ٣٩١ |
| موسڵ | ٨١ | ١٧,٥١٢ | ٦٢ | ٤٨٦ |
| تکریت | ٢٣ | ١,٨١٥ | ٢٣ | ٣٠٨ |
| توز خورماتوو | ٨ | ٣,٢٨٨ | ٨ | ٣٣٢ |
| کۆی گشتی | ٨٣٧ | ٨٥,٣٦٧ | ٤٢٢ | ٤,٠٢٢ |

ژمارەیەکـی بەرچـاوی خێزانـەکان بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی دەستنیشـانکراون بـۆ چاوپێکەوتـن بـە بەکارهێنانـی وەرگرتنـی شـوێن بـە جـی پـی ئیـس (GPS) بـە شـێوەی هەڕەمەکـی و دەستنیشـانکردنی نزیکتریـن خێـزان بـۆ خاڵـی جـی پـی ئیـس (ArcGIS Beta) و (Open Data Kit - ODK) بەکارهێراون بۆ دەستنیشانکردنی خێزانەکان و کۆکردنەوەی داتا.

ئەم پێناسانەی خوارەوە لەم پەڕاوی ڕاستیەدا بەکارهاتوون:

**دەستگەیشـتنی تەواو/بـاش:**[٦] تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان پێنوینێکـی تێکەڵـی بـۆ باشـتر تێگەیشـتن لـە ژێرخـان و خزمەتگوزاریـەکان دروسـتکردووە. هەمـوو نیشـاندەرەکان لەگـەڵ ژمـارەی ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی لـەو شـوێنەدا دەژیـن کـە کێشـەکەی تێـدا باسـکراوە بـۆ دیاریکردنـی سـەختی بارودۆخـەکان لـە هـەر شـوێنێک، بـە بەکارهێنانـی پێـوەری سـێ خاڵی سـەختی بـەرز، سـەختی مامناوەند و سـەختی نـزم، ئەندازەگیـراوە. بۆ ئـەوەی خزمەتگوزاری/ئاسـانکاری هەڵسـەنگێراو وەک پێویسـت ئەژمـار بکرێـن، ئـەوا شوێنەکە دەبێت بەلانی کەم ١٣ لەو ١٧ پێوەرەی خوارەوە جێبەجێ بکات:

- **کارەبا/ئـاو:** بـە لایەنـی کەمـەوە لـە ٧٥٪ دانیشـتوانی ئـەو شـوێنە بـە تـۆڕی کارەبـای گشتیەوە بەسترابن و بەلایەنی کەمەوە ٧٥٪ ئاوی ڕاکێشراو و بەلوعەیان هەبێت.
- **قوتابخانەکانـی بنەڕەتـی و ناوەندیـی، نۆرینگـە تەندروسـتییەکان، نەخۆشـخانەکان، بازاڕەکان، شـوێنەکانی پەرسـتش و بنکەکانی پۆلیـس:** ئەم خزمەتگوزارییانە لـە دووری ٥ کم و لەگەڵ نەخۆشخانەکە لە دووری ١٠ کم بوونیان هەبێت و کارا بن.
- دادگاکان، خزمەتگوزارییـە یاسـاییەکان بـۆ کێشـەکانی خانووبـەرە، زەوی و موڵـک، ئۆفیسـەکانی سیسـتەمی دابەشـکردنی گشـتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانـی مەدەنـی: ئەو خزمەتگوزارییانە لە ناو ناحیەکەدا بوونیان هەبێت و کارا بن.
- دەستگەیشـتن بـە ئاودەسـت، خزمەتگوزاریەکانـی وشـککردنەوە و کۆکردنـەوەی زبـل و پاشماوە و دروستکردنی بەرگری لەش بۆ کۆمەڵگە

**ڕێـژەی پشـت پێبەسـتن:** ڕێـژەی پشـت پێبەسـتن پەیوەنـدی بـە ژمـارەی منداڵانـی (تەمەن ٠-١٧ سـاڵ) و کەسـانی بەتەمەنـتر (تەمـەن ٦٠ سـاڵ یـان گـەورەتـر) پەیوەسـت بـە ئـەو دانیشتوانەی لە تەمەنی کارکردن دان یان هاوڵاتیانی چالاک (تەمەن ١٨-٥٩ ساڵ) هەیە.

**ڕێـژەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە نـاو دانیشـتوان دا:** بریتیە لە ڕێـژەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لە نـاو دانیشـتوان لـە هـەر شـارێک. بـۆ هەڵسـەنگاندنەکانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان ئامـاژە بـە لیسـتی سـەرەکی ١١٧ی تۆمـاری بەدواداچوونـی ئاوارەکانـی سـەر بـە ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ (ئابی ٢٠٢٠) دەکرێت، هاوکات بۆ هەڵسـەنگاندنی دانیشـتوانی شارنشـین ئامـاژە دەکرێـت بـۆ ژمـارە و هەڵسـەنگاندنی فەرمـی ٢٠٠٩ بـۆ دانیشـتوانی شارنشـین لـە ئاستی ناحیەکان بەپێی لیستی خێزانەکان.[٧]

**ڕێـژەی نێرینـە بـۆ مێینـە (ڕەگـەز):** بریتیـە لـە ڕێـژەی نێرینـە بـۆ مێینـەکان لـە نـاو ژمـارەی دانیشـتوانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان دا. ڕێـژەی ڕەگـەزی ١١٢، بـۆ نمونـە، ئـەم واتـە ژمـارەی نێرینەکان کەمێک زیاترە لە ژمارەی مێینەکان بە ١١٢ نێرینە بۆ هەر ١٠٠ مێینەیەک.

**سـەرچاوەکانی داهاتـی جێگیـر:** داهاتـی بـەردەوام کـە لـە کاری مووچـە بـۆ ئەژمارکـراو (کەرتـی گشـتی یـان تایبەتـی)، مووچـەی خانەنشـینی، بازرگانـی تایبـەت یـان لـە موڵکـی بەکرێدراو کە بە شێوەیەکی بەرچاو مانگانە گۆڕانی بەسەردا نایەت.

**ئـەو خێزانانـەی مێینـە بەڕێوەیـان دەبـات:** ئـەو خێزانانـەی کـە ئەندامێکـی ژن بەڕێوەیـان دەبـات. کاتێـک کـە سـەرۆک خێزانـی مێینـە وەک 'تەنیـا' وەسـف دەکرێـت، بـە واتای سـەڵت و بێـوەژن و جیاکـراوە و تەڵاقـدراو، یـان ئەگـەر شـووی کردبێـت لەگـەڵ هاوسـەرەکەی ناژیـت دێت.

**بەڵگەنامـەی ناسـنامەی بنچینەیـی:** ئـەو بەڵگەنامانەی کە بـە بنچینەیـی دادەنرێن بریتین لـە: بەڵگـەی نەتەوەیـی، ناسـنامەی نەتەوەیـی، کارتـی نیشـتەجێبوون، بڕوانامـەی لەدایکبوون. هەموو ئەوانی تر بە بنچینەیی دانانرێن بۆ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە.[٨]

**زەحمەتـی کارکـردن:** گروپـی واشـنتن پرسـیارەکانی دەربـارەی ئامـاری کەمئەندامـی دەسـتەواژەی زەحمەتـی کارکـردن لـە جیاتـی کەمئەندامـی بـەکار دەهێنـن. ئـەم بژاردەیـە مەبەسـت لێـی سـەرنج دانـە لەسـەر ئەوانـەی کێشـەیان هەیـە لـە ئەنجامدانـی ئەرکـە بنەڕەتییـە جیهانیـەکان بـۆ دەستنیشـانکردنی ئـەو کەسانەی نـاو دانیشـتوان کە مەترسـی زیاتریـان لەسـەرە بـۆ جیـاکاری کۆمەڵایەتـی ئەگـەر ژینگەکەیـان لـە بـار نەبێـت. لەگـەڵ ئـەوەش، پشتڕاسـتکردنەوەی 'کەمئەندامـی' پێویسـتی بـە دەستنیشـانکردنی پزیشـکی هەیـە کـە ناتوانرێـت دڵنیـا بکرێتـەوە لـە کاتی هەڵسـەنگاندنی لـەم سروشـتە.[٩] پرسـیارەکان پێـوەری هەڵسـەنگاندنی ٥ خاڵـی بەکاردەهێنێـت کـە لـە 'نەبوونـی هیـچ زەحمەتییـەک بـۆ 'ناتوانێـت هیـچ شـتێک ئەنجـام بـدات' پێـک دێـت. بـەو شـێوەی کە لـە لایـەن گەشـەپێدەرانی میتۆدەکـەوە پێشـنیارکراوە، هـەر وەڵامێک لە خاڵی ٣ ەوە لەسـەر پێوەری 'زەحمەتییەکی زۆر' و بـەرەو سـەرەوە بـە لایەنـی کەمـەوە لـە بوارێـک دا بـە زەحمەتـی کارکـردن بـۆ مەبەستی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەژمار دەکرێت.

٥ نمونەی/ سامپلی هەولێر، دهۆک، زاخۆ، سلێمانی و موسڵ کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ دا وەرگیراون بە بەکارهێنانی لیستی سەرەکی ١١٢، نمونە/ سامپل بۆ بەغداد و ئەبوغرێب، بەعقوبە، کەرکوک، تکریت و توز خورماتوو بە بەکارهێنانی لیستی سەرەکی ١١٧ لە ئەیلولی ٢٠٢٠ نوێکراوەتەوە.

٦ وردەکاری زیاتر سەبارەت بە ژێرخان و نیشاندەری تێکەڵەی خزمەتگوزاریەکان دەکرێت لە پەڕاوی ڕاستی "ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق: شیکاریەکی پێشەکی" کە وەک بنەمایەک بۆ ئەم بنەمایە ڕۆڵ دەبینێت، لەم بەستەر دەست دەکەوێت: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions

٧ هەڵسەنگاندنەکان لەم بەستەرە دەست دەکەون: https://www.citypopulation.de/Iraq-Cities.html

٨ ئەم پێناسەیەی بەڵگەنامەی بنچینەیی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بەکاردێت هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لە هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی فرە کەرتی بە گرنگ دەزانرێن، لە خۆ دەگرێت، (وەک لە لایەن دەستەی پاراستن و REACH ٢٠٢٠ پێناسە کراوە)، هاوکات ئەمە بەڵگەنامەی تریش لە خۆ دەگرێت کە بە پێویست دەزانرێت بۆ ئەوەی بکرێت چارەسەرێکی ماوەدرێژ بۆ ئاوارەبوون بەدەست بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەش، ڕاپرسیەکە بۆشاییەکی بۆ وەڵامدەرەوەکە بەجێهێشتووە کە ئەگەر دۆکیومێنتێکی تر زیاد بکرێت ئەگەر ونبووبێت و بە پێویست بزانرێت. زانیاری زیاتر لەسەر بەڵگەنامەی بنچینەیی لەم بەستەرە بەردەستە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/theme/multi-sector-assessments/cycle/28380/#cycle-28380

٩ گروپی واشنتن بۆ ئاماری کەمئەندامی، چوارچێوەی چەمک لەم بەستەرە بەردەستە: https://www.washingtongroup-disability.com/about/conceptual-framework/

## دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی شار

| | |
|---|---|
| وەرگری بەرز | ئەو شارەی کە لە ١٠٪ یان زیاتری تێکڕای قەبارەی هەنووکەیی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە دەرەوەی کەمپەکاندان لە عێراق، لە خۆ دەگرێت. |
| وەرگری مامناوەند | ئەو شارەی کە لە نێوان ٣٪ و ١٠٪ی تێکڕای قەبارەی هەنووکەیی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە دەرەوەی کەمپەکاندان لە عێراق، لە خۆ دەگرێت. |
| وەرگری نزم | ئەو شارەی کە کەمتر لە٣٪ تێکڕای قەبارەی هەنووکەیی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە دەرەوەی کەمپەکاندان لە عێراق، لە خۆ دەگرێت. |

## ڕێژەی گۆڕانکاری لە دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی

ڕێژەی گۆڕانکاری بۆ تیشک خستنە سەر سووڕی هاتن و ڕۆیشتنی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نێوان دوو خاڵدا بەکاردێت، لەم حاڵەتەدا لە نێوان لیستی سەرەکی ١١٧ (ئابی ٢٠٢٠) و لیستی سەرەکی ١١١ (ئابی ٢٠١٩). هەندێک کات، ڕێژەی ئەرێنی گۆڕانکاری دەبینرێت، کە تیشک دەخاتە سەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ماوەی ڕاپۆرتکردندا.

ڕێژەی گۆڕانکاری بە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە، پۆلێن کراوە:

| | |
|---|---|
| جێگیر | ئەو شارەی کە ڕێژەی گۆڕانکاری بۆ دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نێوان ٠٪ و ١٠-٪ ئەوە دەردەخات کە ئاوارە ناوخۆییەکان لە شوێنی ئاوارەبوونیان دەرناچن (یاخود زۆر بە هێواشی دەردەچن) |
| تا ڕادەیەک جێگیر | ئەو شارەی کە ڕێژەی گۆڕانکاری بۆ دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نێوان ١٠-٪ و ٢٠-٪ |
| تا ڕادەیەک جووڵەدار | ئەو شارەی کە ڕێژەی گۆڕانکاری بۆ دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نێوان ٢٠-٪ و ٣٠-٪ |
| جووڵەدار | ئەو شارەی کە ڕێژەی گۆڕانکاری بۆ دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان زیاتر لە ٣٠-٪ ئەوە دەردەخات کە ئاوارە ناوخۆییەکان بە خێرایی یاخود زۆر بە خێرایی لە شوێنی ئاوارەبوونیان دەردەچن |

## قەزای ڕەسەن

| | |
|---|---|
| هاوچەشن | ئەو شارەی کە ٨٠٪ یاخود زیاتری ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی هەمان قەزای ڕەسەنن. |
| تا ڕادەیەک هاوچەشن | ئەو شارەی کە ڕێژەی ٥٠٪ و ٨٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی هەمان قەزای ڕەسەنن. |
| تێکەڵ | ئەو شارەی کە هیچ گروپێکی زۆرینە لە ڕووی قەزای ڕەسەنەوە بەدی ناکرێت، |

## پێکهاتەی نەتەوەیی-ئایینی

| | |
|---|---|
| هاوچەشن | ئەو شارەی کە ٨٠٪ی یاخود زیاتری ئاوارە ناوخۆییەکانی سەر بەهەمان گرووپی نەتەوەیی-ئایینین |
| تا ڕادەیەک هاوچەشن | ئەو شارەی کە ٥٠٪ بۆ ٨٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکانی سەر بە هەمان گرووپی نەتەوەیی-ئایینین |
| تێکەڵ | ئەو قەزایەی کە هیچ گرووپێکی زۆرینە لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی- ئایینیەوە تێیدا بەدی ناکرێت. |

## درێژی ماوەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| هاوچەشن | ئەو شارەی کە ٨٠٪ی یاخود زیاتری ئاوارە ناوخۆییەکانی لە هەمان کات دا ئاوارەبوونە. |
| تا ڕادەیەک هاوچەشن | ئەو شارەی کە ٥٠٪ بۆ ٨٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکانی لە هەمان کات دا ئاوارەبوونە |
| تێکەڵ | ئەو شارەی کە هیچ گروپێکی زۆرینە لە ڕووی درێژی ماوەی ئاوارەبوون تێیدا بەدی ناکرێت. |
| ئاوارەبوونی ماوەدرێژ | ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە بەر لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ هەڵهاتوون |

## چوارچێوەی گشتی[10]

| | |
|---|---|
| کەسی ئاوارە | ٣٤,٠٥٠ |
| خێزانی ئاوارە | ٥,٦٧٥ |
| ئەو گەڕەکانەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆ دەگرن | ٤٤ |
| ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ دانیشتوانی خانەخوێ | ٩,١ |

سەرەڕای لە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو کەمپەکانی نزیک لە شارەکان (نزیکەی ٧٨,٠٠٠ کەس)، دیاردەی ئاوارەبوونی شارنشین لە شاری دهۆک زۆر بەرفراوانە. شاری دهۆک ٣٤,٠٥٠ ئاوارەی ناوخۆیی لە خۆ دەگرێت کە دەگاتە نزیکەی ٣,٥ لە سەدی تێکڕای دانیشتوانی ئاوارەی دەرەوەی کەمپەکان- ئەمە واتە بە نزیکەی یەک کەس لە هەر دە (١٠) کەس کە لە شارەکەدا دەژیت، ئاوارەی ناوخۆییە.[11] گەڕەکی ئەفرۆ سیتی زۆرترین ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی لێ نیشتەجێیە (١٨٪) و هاوکات ژمارەی دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکانی تر بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر شوێنەکانی تر دا دابەشبوون.

## وەرگری ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان

| | |
|---|---|
| ٣٪ی تێکڕای ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان | وەرگری نزم |
| | ▶ وەرگری مامناوەند |
| | وەرگری بەرز |

## ڕێژەی گۆڕانکاری لە دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان

| | |
|---|---|
| -٨٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان (ئابی ٢٠١٩- ئابی ٢٠٢٠) | ▶ جێگیر |
| | تا ڕادەیەک جێگیر |
| | تا ڕادەیەک جووڵەدار |
| | جووڵەدار |


## قەزا ڕەسەنەکان

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥٪ شنگال | ٣٪ تلکێف | هاوچەشن |
| ٤٥٪ موسڵ | ١٪ کازمیە | تا ڕادەیەک هاوچەشن |
| ٥٪ تەلەعفەر | ١٪ ئەوانی تر | ▶ نا هاوچەشن |

## پێکهاتەی نەتەوەیی- ئایینی

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤٪ کوردی سوننی | ٥٪ مەسیحی | هاوچەشن |
| ٢٥٪ عەرەبی سوننی | ٣٪ ئێزدی | ▶ تا ڕادەیەک هاوچەشن |
| ١١٪ کوردی شیعە | ٢٪ ئەوانی تر | نا هاوچەشن |

نەخشەی ٢: شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو شاری دهۆک[12]




هاوشێوەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، دۆخی ئاوارەبوون لە دهۆک جێگیرە- کەمتر لە سەدا ١٠ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە مانگی ئابی ٢٠١٩ەوە شوێنی ئاوارەبوونی خۆیان لە ناو شارەکەدا بە جێهێشتوە، بەشێکی بەهۆی ڕەوشی ئاسایشی باش و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، بە تایبەت چاودێری تەندروستی و قوتابخانەکان بووە. هەروەها زۆرینەی کۆمەڵگەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و خانەخوێ، لە ڕووی وابەستەبوونی نەتەوەیی/ یان ئایینیەوە هاوبەشن، کە ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی ڕاکێشانە. نزیکەی لەسەدا ٦٥ی ئاوارە ناوخۆییەکانی هەنووکەیی کوردن (٥٣٪ سوننو و ١١٪ شیعە)، هەروەها لە سەدا ١٠٪ش پشکی کەمینەکانە، لەوانە مەسیحی، ئێزدی، تورکمانی و سوننە- هەر یەکێک لەو کۆمەڵگایانە لەناو شارەکەدا پێشینەیەکی مێژوویان هەیە. نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی پارێزگای نەینەوان، بە زۆری لە هەردوو قەزای موسڵ (٤٣٪) و شنگال (٤١٪).

١٠ ژمارەی دانیشتوان تاکۆ ئابی ٢٠٢٠.

١١ ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان بە بەکارهێنانی ئامارەکانی لیستی سەرەکی ١١٧ دیاریکراوە.

١٢ بڕاردەکانی تری وەڵامدانەوە بریتین لە: 'خانوویەکی باشتر'، 'ئازادی بۆ ڕادەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی من/بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی'، 'پشتگیری ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگە'، 'تێچووی گونجاوی گوزەران' و هەریەک بە کەمتر لە سەدا ٧ی خێزانەکان ئاماژەیان پێدرا. ئەم ئامارانە دەشێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن تەنها سێ بڕاردەی وەڵامدانەوە دەستنیشان بکەن، بە کەم بزانرێن.

خشتەی ٢: باشترین لایەنەکانی گوزەران لە شوێنی هەنووکەیی دا بە بەراورد لە گەڵ ناوچەی ڕەسەن

| | |
|---|---|
| ٪٩٨ | باری ئەمنی باش |
| ٪٥١ | ئازادی هاتووچۆ |
| ٪٣٨ | کارکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی |
| ٪٢٤ | کارکردنی قوتابخانەکان |
| ٪١٤ | چاودێری دەروونی-کۆمەڵایەتی |
| ٪١٣ | بوونی خزم و /یاخود هاوڕێیان |
| ٪١٠ | دەرفەتەکانی دروستبوونی هەلی کار و گوزەران |

## هۆکارەکانی لاوازی و کۆمەڵایەتی- دیمۆگرافی

| | |
|---|---|
| تێکڕای قەبارەی خێزانێک | ٧ کەس |
| ڕێژەی نێرینە لە ناو مێینەکان دا | ١١٢ |
| ڕێژەی پشتپێبەستن | ٩٧ |

دانیشتوانی ئاوارە بە گشتی وا دەردەکەون، کە گەنجترین بن لە میانی ئەو شارانەی هەرێمی کوردستان کە نمونەیان لێوەرگیراوە، بە ڕێژەی پشت پێبەستنی ٩٧، واتە ئەو تاکانەی کە پێشبینیدەکرێت چالاک بن (لە تەمەنی ١٨-٥٩ ساڵان) کەمێک ژمارەیان زیاترە لە کەسانی پشتپێبەستراو. منداڵانی تەمەن قوتابخانە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان هەژمار دەکرێن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نزیکەی هەموو خێزانەکان بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە ئاوارە بوونە، لە ١١٪ی منداڵانی تر لە لە شوێنی ئاوارەبوون دا لە دایک بوون.ژمارەی نێرینەکان کەمێک لە ژمارەی مێیینەکان زیاترە، بەتایبەتی لە گروپەکانی تەمەنی بچووکتر. قەبارەی خێزانەکان هەر بە گەورەیی ماوەتەوە (بۆ هەر خێزانێک٧ ئەندام بە تێکڕا) ئەمەش دەشێت ڕەنگدانەوەی بەسەر پێکەوە مانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان هەبێت بۆ باشتر فەراهەمکردنی ڕەفاهیەت و تەندروستی ئەندامانی. سەرۆکی خێزان بە تێکڕا تەمەنی ٤٧ ساڵە و بۆ تێکڕای ٥٢ ساڵ زیادی دەکات کاتێک کە خێزان لە لایەن مێینەوە بەرێوەدەبرێت.

شێوەی ١: ڕەگەز و تەمەنی دانیشتوانی ئاوارە

| نێرینە | | مێینە |
|---|---|---|
| ٪٦ | خوار تەمەن ٥ ساڵ | ٪٥ |
| ٪١٨ | منداڵانی تەمەن قوتابخانە (٥-١٧ ساڵ) | ٪١٤ |
| ٪٢٦ | دانیشتوانی چالاک (١٨-٥٩ ساڵ) | ٪٢٥ |
| ٪٣ | کەسانی بەتەمەنتر (+٦٠ ساڵ) | ٪٣ |

خێزانانی ئاوارە ژمارەیەک لاوازیان لێدەردەکەوێت. لە سەدا دەی خێزانەکان لە لایەن مێینەکانەوە بەرێوەدەبێت، لە کاتێکدا نزیکەی چارەکێک بە لایەنی کەمەوە ئەندامێکیان هەیە کە زەحمەتییەکی کارکردنی هەیە. ئاوارەبوونی ماوەدرێژ و چەندین جار ئاوارەبوون هەردووکیان زۆر باوە، نزیکەی ٣٠٪ خێزانەکان چوار جار یان زیاتر ئاوارە بوونە. نزیکەی هەموو خێزانەکان بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ (٩٩٪)- ئاوارە بوونە، کە ١٥٪ یان پێشتر تووشی ئاوارەبوونی ناوخۆیی بوونەتەوە پێش قەیرانی ٢٠١٤ - و نزیکەی لە ٦٥٪ لە ساڵی ٢٠١٤وە زیاتر لە جارێک ئاوارە بوونە کە نزیکەی نیوەیان چوار جار یان زیاتر ئاوارەبوونە.

خشتەی :٣ پرۆفایلی لاوازی

| | |
|---|---|
| ٪٩٩ | خێزانەکان لە ئاوارەبوونی ماوەدرێژ دا |
| ٪٦٤ | ئەو خێزانانەی ڕووبەڕووی جەندین ئاوارەبوون بوونەتەوە |
| ٪٢٥ | ئەو خێزانانەی ئەندامیان زەحمەتی کارکردنیان هەیە |
| ٪١٥ | ئەو خێزانانەی بەر لە ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوونە |
| ٪١٠ | ئەو خێزانانەی مێنە بەرێوەیان دەبات، لە ٪٧یان کە 'تەنیان'[١٣] |

## بژێوی و گوزەران

هەرچەندە زۆربەی خێزانەکان دەتوانن پشت بە کارکردنی سەرۆکی خێزان (٧٢٪) ببەستن وە دەتوانن پێویستیە بنەڕەتیەکان (٧٤٪) دابین بکەن، بەڵام گوزەرانیان بە زەحمەت بەراورد دەکرێت بە ئاستی پێش قەیرانەکە: تەنها لە ١٣٪ی خێزانەکان خاوەنی ئەو خانووانەن کە تێیدا دەژین (بەرامبەر ٧٤٪ پێش ئاوارەبوون) و تەنها ٢٩٪ی خێزانەکان دۆخی ئێستایان بە باشتر یان وەک ئەوەی پێش ئاوارەبوون، دەزانن. زۆرینەی خێزانەکان (٦٩٪) دەتوانن پشت بە سەرچاوەیەکی جێگیری داهات ببەستن لە میانی سێ سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان – بەشی سەرەکیشی کارکردن لە کەرتی گشتیدا. تا ئێستا نزیکەی ٥٪ی خێزانەکان هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە و هیچ کەس خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن نیە، هەرچەندە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەشێت چالاکی زۆر گرنگی دەستخستن دروستکردنی گوزەران و بژێوی بووبن لە پێش ئاوارەبوون.[١٤] سەرەڕای ئەوەش، لە حاڵەتێک ئەگەر خێزانەکان سەرچاوەی دارایی زیادیشیان هەبێت، ئەوا نزیکەی یەک لە سێ خێزان ئەم سەرچاوەیەی بۆ دانەوەی قەرزەکان (٣٢٪) بەکاردێنن.

خشتەی ٤: پرۆفایلی بژوێوی و گوزەران

| | |
|---|---|
| ٪٧٤ | خێزانەکان دەتوانن پێداویستیە بنەڕەتیەکانیان فەراهەم بکەن |
| ٪٧٢ | سەرۆکی خێزانەکان کار دەکەن |
| ٪٦٩ | ئەو خێزانانەی کە سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان هەیە لە میانی سێ سەرچاوەی سەرەکی داهات. |
| ٪٢٩ | ئەو خێزانانەی کە بارودۆخیان باشترە یان وەک بارودۆخی پێشتر ماوەتەوە |
| ٪١٣ | ئەو خێزانانەی لە ناو ئەو خانووانەدا دەژین کە هی خۆیانە |

خشتەی ٥: سەرچاوەی سەرەکی داهات

| | |
|---|---|
| ٪٣٨ | کاری مووچەدار (کەرتی گشتی) |
| ٪٢٩ | بازرگانی نافەرمی یاخود کاری ڕۆژانە |
| ٪١٨ | کاری مووچەدار (کەرتی تایبەتی) |
| ٪١١ | مووچەی خانەنشینی |
| ٪٤ | بازرگانی تایبەت |
| ٪٤ | پارە لە لایەن خێزان/ هاوڕێیان لە ناو عێراق |
| ٪٢ | قەرزکردنی پارە لە هاوڕێیان یان خێزانەوە |
| ٪١ | پاشەکەوت |
| ٪١ | داهات لە کرێی خانوو یان زەوی |
| ٪١ | نەختینە/ بەخشین یاخود یارمەتی لە لایەن دامەزراوە نیشتیمانیەکانەوە |
| ٪١ | یارمەتی حکومەت، لەوانە قەرەبووکردنەوە |
| ٪١ | ئەوانی تر |

١٣ کاتێک سەرۆک خێزانی مێینە بە تەنیا ناو دەبێت ئەمە واتە مێینەکە سەڵتە، بێوەژنە، جیاکراوە، تەڵاقدراوە، یاخود ئەگەر هاوسەرگیری کردبێت، ئەوا لە گەڵ هاوسەرەی ناژیت.

١٤ بە پێی داتای هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ (ILA V) کشتوکاڵ و چاندن و ئاژەڵداری لە نێو سەرچاوە سەرەکیەکانی داهات دا بوون بە ٤٩٪ و ٧٧٪ی شوێنەکانی گەڕاوەکان لە موسڵ و شنگال، کە قەزای ڕەسەنی سەرەکی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەن کە لە ئێستادا لە شاری دهۆک نیشتەجێن.

خشتەی ٦: پێداویستیە سەرەکیەکان [١٥]

| | |
|---|---|
| ٪٥٧ | چاودێری تەندروستی |
| ٪٤٤ | خۆراک |
| ٪٣٢ | دانەوەی قەرزەکان |
| ٪٢٨ | پشتگیری کردنی ئەندامانی تری خێزان |
| ٪٢٥ | دانی پارە بۆ پەناگەی نوێ |
| ٪٢٥ | چالاکی بازرگانی یاخود گوزەران |
| ٪١٨ | پەروەردە و خوێندن |
| ٪١٧ | جلوبەرگ |
| ٪١٠ | چاکردنەوەی خانوو لە ناوچەی ڕەسەن |
| ٪٩ | چاکردنەوەی خانوو لە ناوچەی ئاوارەبوون |
| ٪٨ | وەبەرهێنان |
| ٪٥ | گواستنەوە |
| ٪٥ | یارمەتیدانی ئەوانی تر |

## لە خۆگرتنی سەلامەتی و کۆمەڵایەتی لە شوێنی هەنووکەیی دا

ئاستی سەلامەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا وا دەردەکەوێت کە زۆر بەرز بێت.[١٦] نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن (٪٩٧)، وە زۆر بەدەگمەن تووشی جیاکاری بوونەتەوە (٪٤). زۆربەی ئاوارە ناوخۆییەکان هەروەها هەست بە ئاسودەیی دەکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسانی خۆجێی ئەگەر پێویست بێت (٪٨٨). زیاتر لە ٪٨٠ی ئاوارە ناوخۆییەکان خۆیان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە و هەمان ڕێژەش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگی داوە. بە گشتی وا دەردەکەوێت کە خێزانە ئاوارەکان گرنگی بە پرۆسەی سیاسی دەدەن. نەبوونی کارتی بایۆمەتری (٪٣٢) و نەبوونی توانای گەشتکردن بۆ شوێنی دەنگدان (٪٤١) هۆکاری سەرەکین بۆ دەنگنەدان، لە کاتێکدا تەنها لە ١٩ی خێزانەکان ئاماژەیان بەوەدا کە دەنگیان نەداوە، چونکە هیچ مەیلێک و باوەڕێکیان بە سیستمی[١٧] سیاسی نییە.

خشتەی ٧: سەلامەتی و لە خۆگرتنی کۆمەڵایەتی

| | |
|---|---|
| ٪٩٧ | هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن |
| ٪٨٨ | هەست بە سەلامەتی دەکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسە خۆجێیەکان |
| ٪٨٧ | ڕووبەڕووی جیاکاری نەبوونەتەوە |
| ٪٨١ | خۆیان لە گەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە |
| ٪٨١ | لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان داوە |

## خواست و پلاندانان بۆ گەڕانەوە

پێدەچێت نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان بەڵگەنامەی کەسی سەرەکییان هەبێت (٪٩٢).[١٨] لەگەڵ ئەوەشدا، نزیکەی یەک لە سەر چواری خێزانەکان زانیاریان سەبارەت بە ناوچەی ڕەسەنیان نیە، لەبەرئەوەی یان متمانەیان بەو زانیاریانە نییە کە وەریدەگرن یاخود خزم و هاوڕێیان لە ناوچەی ڕەسەنیان نییە کە بتوانن ئەم زانیاریانەیان پێبدەن.

گوزەران و پەناگە کێشەی تری بەپەلەن : تەنیا لە ٪١٢ی ئەو خێزانانەی ئاماژەیان بەوەدا کە لە ناوچەی ڕەسەنیان دا دەرفەتی گوزەرانی باشتر و بارودۆخی گونجاوی گوزەرانیان بۆ دەستبەر دەکرێت (بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئاوارەبوون)، تەنیا نیوەیان بەڵگەنامەی موڵکیان هەیە و تەنیا چارەکێک خاوەنی خانوویەکی نیشتەجێین - هەرچەندە نزیکەی ٪٧٤ ی خێزانەکان هێشتا خاوەنی خانوون لە ناوچەی ڕەسەندا.

خشتەی ٨: بارودۆخەکانی چواردەوری گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٩٢ | بەڵگەنامەی کەسیان هەیە |
| ٪٧٦ | زانیاری پێویستیان دەربارەی ناوچەی ڕەسەنیان هەیە |
| ٪٤٨ | بەڵگەنامەی خاوەنداریێتی خانوویان هەیە |
| ٪٢٥ | خاوەن خانوویەکی گونجاو بۆ نیشتەجێبوونن |
| ٪١٢ | بارودۆخی ژیان و گوزەران لە ناوچەی ڕەسەن باشترە |

هەرچەندە گەڕانەوە دەکرێت ئەنجام بدرێت - نزیکەی نیوەی خێزانەکان کەسێک دەناسن کە بەڕاستی گەڕاوەتەوە ناوچەی ڕەسەنی خۆی - ژمارەیەکی زۆر کەمی خێزانەکان هەنگاوی کۆنکرێتیان ناوە بۆ گەڕانەوە یان وابەستەبوونێک بەهێز بە ناوچەی ڕەسەنیان، نیشانداوە. تەنیا لە سەدا ١٣ هەوڵی گەڕانەوەیان داوە یان پلانیان داناوە بگەڕێنەوە (٪٦). لە میانی ئەو خێزانانەی کە پلانیان داناوە، باوترین کردەوە بریتیە بووە لە زانیاری وەرگرتن سەربارەت بە بارودۆخەکان لە شوێنی ڕەسەنیان (٪٤١)، دوای ئەوە ڕێکخستنی شوێنی نیشتەجێبوون (٪٣٣) و ڕێکخستن لەگەڵ خێزان، هاوڕێ یان ئەندامانی کۆمەڵگە (٪٢٢). لە ٪٧٤ی ئەو خێزانانەی کە خانوویان لە ناوچەی ڕەسەن هەیە، ٪٦٣یان ڕاپانگەیاندووە کە خانووەکە یان بە تەواوی یاخود بەشێکی زیانی بەرکەوتووە. سەرەڕای ئەم حاڵەتەش تەنیا لە سەدا ١٣ی ئەو خێزانانەی داوای قەرەبوویان کردووە هەرچەندە لە سەدا ٣٠ ئاگاداری پلانی قەرەبووکردنەوەکەن.

خشتەی ٩: پلاندانان بۆ گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٤٨ | کەسانێک دەناسن کە بە سەرکەوتووانە گەڕاونەتەوە |
| ٪١٣ | هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە بە لایەنی کەمەوە یەک جار |
| ٪١٣ | داوای قەرەبوویان کردووە ( ئەگەر خاوەنی خانوو بن لە ناوچەی ڕەسەن) |
| ٪٦ | پلانیان داناوە بۆ گەڕانەوە |
| ٪٢ | زیاتر لە جارێک هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە |

## نیازەکان و چارەسەری بەردەوامی پەسەندکراو

هەرچەندە تا ئێستا نزیکەی لەسەدا ٧٠ی خێزانەکان خۆیان بە "ئاوارە" هەژمار دەکەن، بەڵام نیازەکانی مانەوە (٪٥٤) وە بێ بڕیاری (٪٨)، نزیکەی دوو ئەوەندە خواستی گەڕانەوەن (٪٣٤). هەروەها نزیکەی هەموو ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە هیچ هەنگاوێکیان بۆ ئەو ئاراستەیە نەناوە (٪٨١) وە یان دڵنیان لە بەرواری گەڕانەوەیان (٪٥١)ی یان پلانی گەڕاوەنەوەیان بۆ زووتر لە یەک دوو ساڵ (٪٣٧) دانەڕشتووە. ئەم ئامارانە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە نزیکەی لە سەدا ٩٠ی کۆی دانیشتوانە ئاوارەکان پێدەچێت لە شوێنی ئێستایان لە شاری دهۆک بۆ دوو ساڵی داهاتوو بمێننەوە.


١٥ بۆ ئەوەی پێداویستیە سەرەکییەکان هەڵبسەنگێنرێت پرسیار لە خێزانەکان کرا 'بیهێننە پێش چاوتان بۆ ساتێک کە خێزانەکانتان بڕە پارەیەکی زۆری بە میرات بۆ ماوەتەوە. تکایە ئاماژە بە سێ لەو بڕگە سەرەکیانەی کە خێزانەکەتان ئەم پارەیەی بۆ بەکاردەهێنێت بدەن (بە دەستپێکردن لە بڕگەی ەوە١ وەک گرنگترینیان). خشتەکە ڕێژەی ئەو وەڵامدەرانە پیشان دەدات کە ئاماژەیان بە هەر بژاردەیەک کردووە، نەوەک ئەو ئەولەوییەتەی کە بە هەر بژاردەیەک دراوە.

١٦ ئەمە دەرەنجامەکانی داتای سەلامەتی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی پشتڕاست دەکاتەوە بەو شێوەی کە لە ئاوارەبوونی شارنشینی دا هاتووە: شیکردنەوەیەکی سەرەتایی. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، عێراق ٢٠٢٠. لەم بەستەرە بەردەستە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/Decription342

١٧ لە میانی ئەو خێزانانەی کە ڕاپانگەیاندووە هیچ یەک لە ئەندامانی خێزانەکەیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان نەداوە.

١٨ بەڵگەی نەتەوەیی، ناسنامەی نیشتمانی و کارتی نیشتەجێبوون لە سێ بەڵگەنامەی سەرەکین کە لە نێوان لە سەدا ١ بۆ ٢,٥ خێزانەکان ڕاپانگەیاندووە ئەم بەڵگەنامەیان لێ ونبووە. هەموو جۆرەکانی تری بەڵگەنامەکان هەر یەکێکیان بە کەمتر لە سەدا ١ی خێزانەکان لێیان ونبووە.

شێوەی ٢: نیازی خێزانەکان لە حاڵەتێک ئەگەر هیچ بەربەستێک ڕووبەڕوویان نەبێتەوە[١٩]




بۆ ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی دواخستنی گەڕانەوەیان، وا دەردەکەوێت کە بە هۆی نەبوونی ئاسایش لە ناوچەی ڕەسەن (٪٥٥)، ئینجا نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان (٪٢٢)، دەرفەتی دەستخستنی بژێوی (٪١٨) وە پەناگەوە (٪١٦) بێت. نزیکەی یەک خێزان لە هەر دە خێزانێک ئاماژەیان بە کێشەی خێڵەکی/ئاشتبوونەوە یان ترس یان تاسانی پەیوەندیدار بە گەڕانەوە کرد. نزیکەی لەسەدا ٥ی خێزانەکان ڕایانگەیاند کە 'ڕێگرییان لێ دەکرێت لە گەڕانەوە' کە نزیکەی هەموویان لە بنەڕەتدا خەڵکی شنگال بوون. ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندی بە ناوچەی ئاوارەبوونەوە هەیە کەمتر بەربڵاون و بریتین لە ئاسایشی جێگیر (٪٢٩)، منداڵانی ناونووسکراو لە قوتابخانە (٪١٢) و دەرفەتی ئابووری باشتر (٪٩).


خشتەی ١٠: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ڕەسەن

| | |
|---|---|
| ٪٥٥ | ئاسایشی نا سەقامگیر |
| ٪٢٢ | خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بەردەست نین یاخود بە گوێرەی پێویست نین |
| ٪١٨ | نەبوونی دەرفەتی ئابووری |
| ٪١٦ | نەبوونی خانووبەرە |
| ٪١٤ | ترس یاخود تاسانی پەیوەندیدار بە گەڕانەوە |
| ٪٨ | کێشەی خێڵەکی و ئاشتبوونەوە |
| ٪٣ | ڕێگری لێکراو لە گەڕانەوە[٢٠] |

خشتەی ١١: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| ٪٢٩ | ئاسایشی سەقامگیر |
| ٪١٢ | بوونی ئەندامێکی خێزان لە قوتابخانە |
| ٪١٢ | نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە |
| ٪٩ | دەرفەتی ئابووری باشتر |
| ٪٤ | باروودۆخی باشتری گوزەران |
| ٪٤ | باری تەندروستی ڕێگرە لە بەردەم گەڕانەوەی خێزان |

نەخشەی ٣: نیازی داهاتوو بۆ هەر گەڕەکێک







١٩ پرسیار لە وەڵامدەرەوەکە کرا 'بیهێنە پێش چاوت بۆ ساتێک کە هیچ بەربەستێکت نیە بۆ گەڕانەوە یان مانەوەت لەم شوێنەی ئێستادا: شوێنی پەسەندی خێزانەکەت چی دەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لێی بژێت؟

٢٠ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ' گەڕانەوەی ڕێگری لێکراو' واتە هەوڵی گەڕانەوە لەلایەن لایەنە ئەمنیەکانەوە ڕێگری لێکراوە.

# ئەو فاکتەرانەی کە کار لە نیازەکانی دانیشتوانی ئاوارەی شارنشین دەکەن

نیازەکانی داهاتوو بەپێی ڕەگەز جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، هەرچەندە ڕەگەزی مێ زیاتر وا دەردەکەوێت کە بڕیاری نەداوە (١٥٪، بۆ نێرینە ٧٪)، کەمتریش وا دەردەکەوێت کە ڕابگەیەنن نیازی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی ڕەسەنی خۆیان هەبێت (٢٤٪، بۆ نێرینەکان ٣٥٪). لە میانی دوو گروپی نەتەوەیی زاڵ لە دهۆک، عەرەبی سوننە پێدەچێت زیاتر نیازی مانەوەیان هەبێت (٧٠٪)، بە بەراورد لەگەڵ کوردی سوننە (٥٣٪). ئەوانەی لە موسڵەوە هاتوون وا دەردەکەوێت کەمێک زیاتر نیازی مانەوەیان (٧٤٪) بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی شنگال (٦٠٪)، ڕابگەیەنن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، ئەوانەی جارێک هەوڵیان داوە بگەڕێنەوە یاخود زیاتر لە جارێک هەوڵیان داوە، بە ئەگەری زۆرەوە کەمتر نیازی گەڕانەوەیان ڕادەگەیەنن (٤٤٪ و ٨٤٪ یەک بە دوای یەک). بە پێچەوانەوە ئەوانەی چیتر خۆیان وەک ئاوارە ئەژمار ناکەن، نیازیان وایە لە دهۆک بمێننەوە. هەروەها ئاوارەبوونی پێشوو، ڕۆڵی لە نیازی داهاتووی ئاوارە ناوخۆییەکان هەیە. ئەوانەی پێش ساڵی ٢٠١٤ ئاوارە بوون وا دەردەکەوێت کە زیاتر بە نیاز بوون لە دهۆک بمێننەوە (٥٩٪). هەروەها ئەوانەی کە جارێک یان چەند جارێک ئاوارە بوون وا دەردەکەوێت کە زیاتر نیازی مانەوەیان ڕابگەیەنن (٦٣٪ و ٤٩٪ یەک بە دوای یەک).

شێوەی ٣: ئەو فاکتەرانەی کار لە نیازەکان دەکەن



# شاری هەولێر

## چوارچێوەی گشتی[21]

| | |
|---|---|
| کەسی ئاوارە | ١٢٣,٧٧٤ |
| خێزانی ئاوارە | ٢٠,٦٢٩ |
| ئەو گەڕەکانەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆ دەگرن | ٩٣ |
| ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو دانیشتوانی خانەخوێ | ١٢,٣٤ |

شاری هەولێر گەورەترین وەرگری ئاوارە ناوخۆییەکانە لە هەرێمی کوردستان و مەزەندە دەکرێت ١٢٣,٧٧٤ ئاوارەی ناوخۆیی کە دەکاتە نزیکەی ١٢٪ی کۆی دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆیی دەرەوەی کەمپەکان لە سەرتاسەری وڵات دا.هەروەها هەولێر ڕێژەیەکی تارادەیەکی بەرزی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو دانیشتوانی دا هەیە، بە جۆرێک لە هەر ١٢ کەس کە لە شارەکەدا دەژین کەسێکیان ئاوارەی ناوخۆییە.[22] بە پێچەوانەوە، دانیشتوانی کەمپەکان کەمن (نزیکەی ٦,٠٠٠ کەس) ئەمەش وایکردووە ئاوارەبوون بە بەرفراوانی ببێتە دیاردەیەکی شارنشینی لە هەولێر. کۆمەڵگەکانی زانکۆ و زەیتوّن ئەو شوێنان کە گەورەترین ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆ دەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ئاوارە بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی شارەکەدا وەک لە نەخشەی ٤ دا دەرکەوتووە، بڵاوبوونەتەوە.

## وەرگری ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان

| | |
|---|---|
| ١٢٪ی تێکڕای ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان | وەرگری نزم |
| | ▸ وەرگری مامناوەند |
| | وەرگری بەرز |

### ڕێژەی گۆڕانکاری لە دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان

| | |
|---|---|
| +٢٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان (ئەیلولی ٢٠١٩- ئەیلولی ٢٠٢٠) | ▸ جێگیر |
| | تا ڕادەیەک جێگیر |
| | تا ڕادەیەک جووڵەدار |
| | جووڵەدار |


### قەزا ڕەسەنەکان

| | |
|---|---|
| ٤٠٪ نەینەوا (بە زۆری موسڵ و حەمدانیە) | هاوچەشن |
| ٢٥٪ ئەنبار (ڕەمادی، فەللوجە و قائیم) | تا ڕادەیەک هاوچەشن |
| ٢١٪ سەلاحەددین (بێجی، تکریت و سامەڕا) | ▸ نا هاوچەشن |
| ٦٪ بەغداد | |
| ٤٪ کەرکوک | |
| ٢٪ دیالە | |
| <١٪ بۆ بەسرا و بابل | |

### پێکهاتەی نەتەوەیی- ئایینی

| | |
|---|---|
| ٧٢٪ عەرەبی موسڵمانی سوننە | هاوچەشن |
| ٧٪ کوردی موسڵمانی سوننە | ▸ تا ڕادەیەک هاوچەشن |
| ٦٪ مەسیحی کلدانی | نا هاوچەشن |
| ٥٪ مەسیحی | |
| ٢٪ مەسیحی ئاشووری | |
| ٢٪ مەسیحی سریانی | |
| ١٪ بۆ هەر کام لە عەرەبی موسڵمانی شیعە، کوردی ئێزدی، شەبەکی موسڵمانی سوننە، شەبەکی موسڵمانی شیعە و تورکمانی موسڵمانی سوننە | |

نەخشەی ٤: شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو شاری هەولێر




٢١ ژمارەی دانیشتوانی تاکو ئابی ٢٠٢٠.

٢٢ ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان کە بە بەکارهێنانی ژمارەکانی لیستی سەرەکی ١١٧ دیاریکراوە.

شاری هەولێر لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩وە بەرزبوونەوەیەکی کەمی دانیشتوانی ئاوارەی تێدا ڕوویداوە، کە بە زۆری بەهۆی داخستنی کەمپەکان (+٢٪)وە بووە. بە هۆی دابینکردنی خزمەتگوزاری باش و ڕەوشی ئاسایشی باش، هەولێر بەردەوام سەرنجی دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆیی تێکەڵ بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە کە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان لە ماوەی شەپۆڵە جیاوازەکانی ئاوارەبوونەوە جێهێشتووە.[٢٣] لە کاتێکدا زۆربەی ئاوارەکانی ناو شاری دهۆک و شارۆچکەی زاخۆ لە مانگی ئابی ٢٠١٤ ئاوارە بوون و بە ڕەگەز کوردن ، نزیکەی یەک لەسەر سێی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو شاری هەولێر لە حوزەیران تا تەمووزی ٢٠١٤ هەڵهاتوون. هەموو شەپۆلەکانی ئاوارەبوون لە هەولێر بەدی دەکرێن - هەرچەندە ئەم شەپۆڵە ئاوارەبوونانە لە ڕووی قەبارەوە جیاوازن – بە نوێترین شەپۆڵیشەوە (٥٪ لە نێوان تەمووزی ٢٠١٧ تا کانونی یەکەمی ٢٠١٨، و٢٪ لە دوای کانوونی دووەمی ٢٠١٩) زۆرینەش عەرەبی سوننەن، ئەمە پێچەوانەی دانیشتوانی خانەخوێی کە زۆرینەیان کوردن، ئەوەی دیکەشیان سەر بە گروپە کەمینە جۆراوجۆرەکانن، لەوانە کلدان و ئاشوری و سریان و مەسیحیەکانی تر، بەهەمان شێوەش ڕێژەیەکی کەمیش ئێزدی و شەبەک و تورکمان. هەرچی سەبارەت بە ناوچەکانی ڕەسەنە، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە ناوخۆییەکان لە نەینەواوە هاتوون، بە شێوەیەکی سەرەکی لە قەزای موسڵ و حەمدانیە، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی پارێزگای ئەنبار (٢٥٪)، سەلاحەددین (٢١٪) و بەغدادش (٦٪) ئاوارەبوون.

خشتەی ١٢: باشترین لایەنەکانی گوزەران لە شوێنی هەنووکەیی دا بە بەراورد لە گەڵ ناوچەی ڕەسەن[٢٤]

| | |
|---|---|
| ٪٩٥ | باری ئەمنی باش |
| ٪٣٧ | ئازادی هاتووچۆ |
| ٪٢٩ | کارکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی |
| ٪٢٥ | کارکردنی قوتابخانەکان |
| ٪٢٢ | دەرفەتەکانی کارکردن و دەستخستنی گوزەران |
| ٪١٣ | بوونی خزم و/یاخود هاوڕێیان |
| ٪٧ | چاودێری دەروونی کۆمەڵایەتی |

## فاکتەرەکانی لاوازی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- دیمۆگرافی

| | |
|---|---|
| تێکڕای قەبارەی خێزانێک | ٦ کەس |
| ڕێژەی نێرینە لە ناو مێینەکان دا | ١١٠ |
| ڕێژەی پشتپێبەستن | ١٠٤ |

دانیشتوانی ئاوارە بە گشتی وا دەردەکەون، کە گەنجترین بن بە بەراورد لە گەڵ شارەکانی هەرێمی کوردستان، بە ڕێژەی پشت پێبەستنی ١٠٤، واتە ١٠٤ کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ و کەسانی بەتەمەن لە هەر ١٠٠ تاکی ناو تەمەنی کارکردن (١٨-٥٩ ساڵان) بوونیان هەیە. منداڵانی تەمەن قوتابخانە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان هەژمار دەکرێن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نزیکەی هەموو خێزانەکان بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە ئاوارە بوونە، لە ١٢٪ی منداڵانی تر لە شوێنی ئاوارەبوون دا لە دایک بوون.ژمارەی نێرینەکان کەمێک لە ژمارەی مێیینەکان زیاترە، بەتایبەتی لە گروپەکانی تەمەنی ٥-١٧ ساڵان.سەرۆکی خێزان بە تێکڕا تەمەنی ٤٧ ساڵە، هەرچەندە سەرۆک خێزانی مێینە پێدەچێت بە تەمەنتر بن بە تێکڕای ٥١ ساڵ و قەبارەی خێزان یەکسانە بە تێکڕای قەبارەی خێزانێکی عێراقی، بە شەش کەس بۆ هەر خێزانێک.

شێوەی ٤: ڕەگەز و تەمەنی دانیشتوانی ئاوارە

| نێرینە | | مێینە |
|---|---|---|
| ٪٦ | خوار تەمەن ٥ ساڵ | ٪٦ |
| ٪١٨ | منداڵانی تەمەن قوتابخانە (٥-١٧ ساڵ) | ٪١٦ |
| ٪٢٥ | دانیشتوانی چالاک (١٨-٥٩ ساڵ) | ٪٢٤ |
| ٪٣ | کەسانی بەتەمەنتر (+٦٠ ساڵ) | ٪٢ |

خێزانانی ئاوارە ژمارەیەک لاوازیان لێدەردەکەوێت. لە سەدا نۆزدەی خێزانەکان لە لایەن مێینەکانەوە بەڕێوەدەبرێن،کە دەکاتە دوو ئەوەندەی ژمارەکانی تێبینیکراو لە ناوەندە شارنشینە هەڵسەنگێراوەکانی تری هەرێمی کودستانی عێراق. لە کاتێکدا نزیکەی چارەکێک بە لایەنی کەمەوە ئەندامێکیان هەیە کە زەحمەتییەکی کارکردنی هەیە. ئاوارەبوونی ماوەدرێژ زۆر باوە (٩٢٪ی خێزانەکان بەر لە تەمووزی ٢٠١٧ هەڵهاتوون) و پێدەچێت خێزانەکان کەمێک زیاتر هەست بە سەقامگیری بکەن بە بەراورد لە گەڵ پارێزگای دهۆک ( ناوەندە شارنشینەکانی دهۆک و زاخۆ)، لە سەدا ٢٨ی خێزانەکان بۆ چەندین جار ئاوارەبوونە، و ئاماژە بەوەکرا کە بارودۆخی گوزەران باشترە لە ناوەندە شارنشینەکانی دهۆک و لە ئاستی شاری سلێمانی دایە. نزیکەی یەک لە سەر پێنجی خێزانەکان (١٩٪) پێشتر تووشی ئاوارەبوون بوونەتەوە پێش قەیرانی ساڵی ٢٠١٤.

خشتەی ١٣: پرۆفایلی لاوازی

| | |
|---|---|
| ٪٩٢ | خێزانەکان لە ئاوارەبوونی ماوەدرێژ دا |
| ٪٢٨ | ئەو خێزانانەی ڕووبەڕووی چەندین ئاوارەبوون بوونەتەوە |
| ٪٢٥ | ئەو خێزانانەی ئەندامیان زەحمەتی کارکردنیان هەیە |
| ٪١٩ | ئەو خێزانانەی بەر لە ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوونە |
| ٪١٩ | ئەو خێزانانەی مێینە بەڕێوەیان دەبات، لە ٧٪یان 'تەنیان'[٢٥] |

## بژێوی و گوزەران

نزیکەی نیوەی خێزانەکان دەتوانن پشت بە کارکردنی سەرۆکی خێزان (٥٥٪) ببەستن وە نزیکەی سەدا ٧٠ ڕایانگەیاندووە کە دەتوانن پێویستیە بنەڕەتیەکان دابین بکەن و نزیکەی سەدا ٤٠ ستاندەرێکی گوزەرانی وایان هەیە کە دەکرێت لە گەڵ گوزەرانی پێش ماوەی قەیرانەکە بەراورد بکرێت. (١٤٪ ئاماژەیان بەوەدا کە بارودۆخیان تەنانەت باشتریشە). نزیکەی لە سەدا ٧١ی خێزانەکان دەتوانن پشت بە سەرچاوەیەکی جێگیری داهات ببەستن لە میانی سێ سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان، بە مووچەی خانەنشینیشەوە (٢٠٪). نزیکەی لە سەدا ٥ی خێزانەکانیش ئاماژەیان بەوەدا کە پاشەکەوتیان هەیە، لە بەرانبەر لە سەدا ٢٩ی خێزانەکان ڕەنگە قەرزدار بن- هەردووک ژمارەکان کەمێک باشترن لەوانەی لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنران. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێت کە ژیان لە شاری هەولێر گران بەها بێت و چاودێری تەندروستیش دەکرێت بەدەست نەکەوێت: ئەگەر خێزانەکان سەرچاوەی دارایی زیادەیان هەبووایە، نیوەیان ئەم سەرچاوەیان بۆ چاودێری پزیشکی بەکار دەهێنا. هەروەها دەشێت پەناگەش کێشەیەکی گرنگ بێت: تەنها لە سەدا ٦ی خێزانەکان توانیویانە خاوەنداریەتی ئەو خانووەی کە لە ناوی دا دەژین بکەن (لە بەرانبەر ٦١٪ی ئەوانەی کە پێش ئاوارەبوون، خاوەنی خانوو بوون) نزیکەی سێ لە سەر یەکی خێزانەکان سەرچاوەی دارایی زیادە بۆ گۆڕینی (٢٥٪)ی یان چاککردنەوە (٧٪) خانووەکانیان بەکاردەهێنا. جێگای ئاماژەیە، کە لە سەدا ١٤ی خێزانەکان ئاماژەیان بەوەکرد کە هەر پارەیەکی زیادە بۆ چاککردنەوەی خانووە ڕەسەنەکەیان بەکاردەهێنن، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ وابەستەبوون بەهێزتر بە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان بە بەراورد لەگەڵ هەر شوێنێکی تر.[٢٦]

خشتەی ١٤: پرۆفایلی بژێوی و گوزەران

| | |
|---|---|
| ٪٧١ | ئەو خێزانانەی کە سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان هەیە لە میانی سێ سەرچاوەی سەرەکی داهات. |
| ٪٧٠ | خێزانەکان دەتوانن پێداویستیە بنەڕەتیەکانیان فەراهەم بکەن |
| ٪٤٥ | سەرۆکی خێزانەکان کار دەکەن |
| ٪٤٠ | ئەو خێزانانەی کە بارودۆخیان باشترە یان وەک بارودۆخی پێشتر ماوەتەوە |
| ٪٦ | ئەو خێزانانەی لە ناو ئەو خانووانەدا دەژین کە هی خۆیانە |

٢٣ وردەکاری زیاتر سەبارەت بە شەپۆڵەکانی ئاوارەبوون دەکرێت لە تێبینی شێواز / میتۆدەکە بەدەسبخرێت.

٢٤ بژاردەکانی تری وەڵامدانەوە بریتین لە: 'خانوویەکی باشتر'، 'ئازادی بۆ ڕادەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی من/بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی'، 'پشتگیری ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگە'، 'تێچووی گونجاوی گوزەران' و هەریەک بە کەمتر لە سەدا ٧ی خێزانەکان ئاماژەیان پێدرا. ئەم ئامارانە دەشێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن تەنها سێ بژاردەی وەڵامدانەوە دەستنیشان بکەن، بە کەم بزانرێن.

٢٥ کاتێک سەرۆک خێزانی مێینە بە تەنیا ناو دەبرێت ئەمە واتە مێینەکە سەڵتە، بێوەژنە، جیاکراوە، تەڵاقدراوە، یاخود ئەگەر هاوسەرگیری کردبێت، ئەوا لە گەڵ هاوسەرەکەی ناژیت.

٢٦ سەیری خوارەوەش بکە، نیشاندەرەکانی وابەستەبوون بە شوێنی ڕەسەنەوە.

خشتەی ١٥: سەرچاوەی سەرەکی داهات

| | |
|---|---|
| ٪٢٦ | کاری مووچەدار (کەرتی گشتی) |
| ٪٢٣ | بازرگانی نافەرمی یاخود کاری ڕۆژانە |
| ٪٢٠ | مووچەی خانەنشینی |
| ٪١٩ | کاری مووچەدار (کەرتی تایبەتی) |
| ٪١٣ | بازرگانی تایبەت |
| ٪٤ | پارە لە لایەن خێزان/ هاوڕێیان لە ناو عێراق |
| ٪٣ | پاشەکەوت |
| ٪٢ | نەختینە/ بەخشین یاخود یارمەتی لە لایەن دامەزراوە نیشتیمانیەکانەوە |
| ٪١ | قەرزکردنی پارە لە هاوڕێیان یان خێزانەوە |
| ٪١ | داهات لە کرێی خانوو یان زەوی |
| ٪١ | ئەوانی تر |

خشتەی ١٦: پێداویستیە سەرەکیەکان [27]

| | |
|---|---|
| ٪٥٠ | چاودێری تەندروستی |
| ٪٢٩ | دانەوەی قەرزەکان |
| ٪٢٧ | پشتگیری کردنی ئەندامانی تری خێزان |
| ٪٢٥ | خۆراک |
| ٪٢٥ | دانی پارە بۆ پەناگەی نوێ |
| ٪٢٤ | پەروەردە و خوێندن |
| ٪٢٢ | چالاکی بازرگانی یاخود گوزەران |
| ٪١٤ | چاکردنەوەی خانوو لە ناوچەی ڕەسەن |
| ٪١١ | وەبەرهێنان |
| ٪٧ | چاکردنەوەی خانوو لە ناوچەی ئاوارەبوون |
| ٪٦ | جلوبەرگ |
| ٪٤ | گواستنەوە |
| ٪١ | یارمەتیدانی ئەوانی تر |

## لە خۆگرتنی سەلامەتی و کۆمەڵایەتی لە شوێنی هەنووکەیی دا

ئاستی سەلامەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا وا دەردەکەوێت کە زۆر بەرز بێت. نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن (٪٩٦)، وە زۆر بەدەگمەن تووشی جیاکاری بوونەتەوە (٣) و هەست بە ئاسودەیی دەکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسانی خۆجێی ئەگەر پێویست بێت (٪٨٨). زۆربەی ئاوارە ناوخۆییەکان خۆیان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە (٦٥) و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان داوە (٥٦)، کە ئەم ڕێژەیە نزمترە لە ناوەندە شارنشینەکانی تری هەرێمی کوردستان و ئەمەش وا دەردەکەوێت کە لە دەرەنجامی نائۆمێدی و بێهیواییان بۆ سیستەمی سیاسی بێت. وا دەردەکەوێت کە خێزانەکان کەمتر گرنگی بە پرۆسەی سیاسی دەدەن، بە بەراورد لە گەڵ هەر شوێنێکی تری هەرێمی کوردستان. متمانە نەبوون و حەزنەکردن بە سیستەمی سیاسی هۆکاری سەرەکی دەنگنەدانە (٣٨) بەدوای ئەمیش نەبوونی توانای گەشتکردن بۆ شوێنەکانی دەنگدان دێت (٣٦).[28] نزیکەی هەموو ئاوارەکان پێویستیان بە ڕێگەپێدانی تایبەت هەیە بۆ هاتووچۆکردنی ئازادانە و لە سەدا ٢ش هاتووچوکردنیان سنووردارکراوە.

خشتەی ١٧: سەلامەتی و لە خۆگرتنی کۆمەڵایەتی

| | |
|---|---|
| ٪٩٧ | ڕووبەڕووی جیاکاری نەبوونەتەوە |
| ٪٩١ | هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن |
| ٪٨٧ | هەست بە سەلامەتی دەکەن لە کاتی داواکردنی سەلامەتی لە بەرپرسە خۆجێییەکان |
| ٪٦٥ | خۆیان لە گەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە |
| ٪٥٦ | لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان داوە |

## خواست و پلاندانان بۆ گەڕانەوە

نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان ڕایانگەیاندووە کە بەڵگەنامەی کەسی سەرەکییان هەیە (٪٩٢).[29] هەروەها نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن زانیاری متمانەپێکراو سەبارەت بە ناوچەی ڕەسەنیان بەدەست بخەن (٪٨٨) و تەنها کەمێکیان پێدەچێت پەیوەندیان لە گەڵ خێزان، هاوڕێیان یاخود ئەندامانی کۆمەڵگە کە دەتوانن دوایین زانیاریان پێبدەن، پچڕابێت. خێزانەکان پێدەچێت زانیاریان لە سەر ناوچەی ڕەسەنیان نەبێت، یان لە بەر ئەوەی ناتوانن دەستیان بەو جۆرە زانیاریە بگات (٪٣٤) یاخود هەست بەوە دەکەن ناتوانن متمانە بە سەرچاوەی زانیاریەکانیان بکەن (٪٣٦). تەنها لە سەدا ١٥ی خێزانەکان ئاماژەیان بەوەدا کە هیچ خێزان، هاوڕێ یان ئەندامانی تری کۆمەڵگەیان نیە کە بتوانن زانیاریان پێبدەن. دۆخی گوزەران و پەناگە، لە لایەکی تر، پێدەچێت ئاڵۆزتر بێت، هەرچەندە ڕێژەکە لە ناوەندە شارنشینەکانی تری هەرێمی کودستان نزمترە. نیوەیان بەڵگەنامەی مۆڵکیان هەیە و نزیکی چواریەکی خێزانەکان خاوەن خانوویەکن کە دەکرێت تێیدا نیشتەجێ ببن و لە سەدا ٣٠شیان ئاماژەیان بەوەدا کە دەرفەتی گوزەرانی باشتر و بارودۆخی گونجاوتری بژێویان لە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان بۆ دەرەخسرا ( بە بەراورد لە گەڵ ئەو بارودۆخانەی کە لە ئاوارەبوون دا هەیانە).

خشتەی ١٨: بارودۆخەکانی چواردەوری گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٩٦ | بەڵگەنامەی کەسیان هەیە |
| ٪٨٨ | زانیاری پێویستیان دەربارەی ناوچەی ڕەسەنیان هەیە |
| ٪٥٠ | بەڵگەنامەی خانوویان هەیە |
| ٪٣٠ | بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ناوچەی ڕەسەن باشترە |
| ٪٢٦ | خاوەنی خانوویەکی گونجاو بۆ نیشتەجێبوونن |

وەک پێشتر تێبینی کرا، ئەو خێزانانەی کە لە شاری هەولێرن، وا دەردەکەوێت کە وابەستەییەکی بەهێزتریان بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان هەبێت بە بەراورد لە گەڵ ناوەندە شارنشینەکانی تری هەرێمی کوردستان. سێ چواریەکی خێزانەکان (٪٧٥) کەسێک دەناسن کە گەڕاوەتەوە ناوچەی ڕەسەن، وە یەک لە سەر پێنج پێشتر هەوڵی گەڕانەوەیان (٪٢٠) داوە و یان داوای قەرەبووی (٪١٩) کردووە. هەروەها ژمارەی زیاتری ئەو کەسانەی کە داوای قەرەبوویان کردووە، دەکرێت بە هۆی ڕێژەی زیاتری ئەو کەسانەی ئاگاداری ڕووپێوی ناوخۆیی قەرەبووکردنەوە و کاری، ڕوونبکرێتەوە. لە گەڵ ئەوەش، تەنها لە سەدا ٣ی خێزانەکان پلانی کۆنکریتیان بۆ گەڕانەوە داناوە. لەناو ئەو خێزانانەی کە پلانیان داناوە، باوترین کردەوەی ئەنجامدراو، پشکنین و وەرگرتنی زانیاری بووە سەبارەت بە بارودۆخەکانی شوێنی ڕەسەن (٪٥٦)، دوای ئەوەش ڕێکخستنی شوێنی نیشتەجێبوون (٪٣٢) و ڕێکخستن لەگەڵ خێزان، هاوڕێ یان ئەندامانی کۆمەڵگە (٪٢٩).

خشتەی ١٩: پلاندانان بۆ گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٧٥ | کەسانێک دەناسن کە بە سەرکەوتووانە گەڕاونەتەوە |
| ٪٢٠ | بە لایەنی کەمەوە یەکجار هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە |
| ٪١٩ | داوای قەرەبوویان کردووە ( ئەگەر خاوەنی خانوو بن لە ناوچەی ڕەسەن) |
| ٪٥ | زیاتر لە جارێک هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە |
| ٪٣ | پلانیان داناوە بۆ گەڕانەوە |

٢٧ بۆ ئەوەی پێداویستیە سەرەکییەکان هەڵبسەنگێنرێت پرسیار لە خێزانەکان کرا 'بیهێننە پێش چاوتان بۆ ساتێک کە خێزانەکانتان بڕە پارەیەکی زۆری بە میرات بۆ ماوەتەوە. تکایە ئاماژە بە سێ لەو بڕگە سەرەکیانەی کە خێزانەکەتان ئەم پارەیەی بۆ بەکاردەهێنێت بدەن (بە دەستپێکردن لە بڕگەی ەوە١ وەک گرنگترینیان). خشتەکە ڕێژەی ئەو وەڵامدەرانە پیشان دەدات کە ئاماژەیان بە هەر بژاردەیەک کردووە، نەوەک ئەو ئەولەوییەتەی کە بە هەر بژاردەیەک دراوە.


٢٨ لە میانی ئەو خێزانانەی کە ڕایانگەیاندووە هیچ یەک لە ئەندامانی خێزانەکەیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان نەداوە.

٢٩ بەڵگەی نەتەوەیی، ناسنامەی نیشتمانی و کارتی نیشتەجێبوون لە سێ بەڵگەنامەی سەرەکین کە ونبوونیان ڕادەگەیەنرێت.

## نیازەکان و چارەسەری بەردەوامی پەسەندکراو

هەرچەندە تا ئێستا نزیکەی لەسەدا ٨٠ی خێزانەکان خۆیان بە "ئاوارە" هەژمار دەکەن، نیازەکانی مانەوە (٦٠٪) وە بڕیارنەدراو (٣٪)، زیاتر لە دوو ئەوەندە خوازیاری گەڕانەوەن (٣٠٪). هەروەها نزیکەی هەموو ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە هیچ هەنگاوێکیان بۆ ئەو ئاراستەیە نەناوە (٩٠٪). تاکو ٣٠ ی لە سەدای ئەو خێزانانەی کە نیازی گەڕاوەیان هەیە، زۆربەیان یان بڕیاریان نەداوە (٤٣٪) یاخود بڕیارەکەیان بۆ ١-٢ ساڵی تر دواخستووە (٢٢٪). ئەمە ئەوە دەردەخات دانیشتوانی ئاوارە پێدەچێت لە شوێنی ئێستایان لە شاری هەولێر بۆ دوو ساڵی داهاتوو بمێننەوە.

شێوەی ٥: نیازی خێزانەکان لە حاڵەتێک ئەگەر هیچ بەربەستێک ڕووبەڕوویان نەبێتەوە[30]




دیارە بارودۆخی باش و گونجاوی ژیان لە شاری هەولێر، هۆکاری دواخستنی ڕێژەیەکی بەرزی گەڕانەوەکانە[31] و فاکتەرەکانی ڕاکێشانی پەیوەست بە ناوچەی ئاوارەبوون، بریتین لە ئاسایشی سەقامگیر (٥٠٪)، دەرفەتە ئابوورییەکان (٢٩٪) و باودۆخی باشتر ژیان و گوزەران (١٤٪)، وا دەردەکەوێت زاڵبن بەسەر فاکتەرەکانی پاڵپێوەنان لە شوێنی ڕەسەن، لەوانە نەبوونی ئاسایش (٣٤٪)، نەبوونی دەرفەتی ئابووری (١٢٪) و نەبوونی خانووبەرە (١١٪). کێشەی خێڵەکی/ ئاشتبوونەوە، ترس یان تاسانی پەیوەست بە گەڕانەوە و ڕێگریکردن لە گەڕانەوە، ئاماژەی پێنەدرا یاخود زۆر بە دەگمەن ئاماژەی پێدرا، ئەمە وا دەکات کە ئەم کێشانە گرنگی کەمتریان هەبێت بە بەراورد لەگەڵ ناوەندە شارنشینەکانی تری هەرێمی کوردستان.


خشتەی ٢٠: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ڕەسەن

| | |
|---|---|
| ٪٣٤ | ئاسایشی نا سەقامگیر |
| ٪١٢ | نەبوونی دەرفەتی ئابووری |
| ٪١١ | نەبوونی خانووبەرە |
| ٪١٠ | خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بەردەست نین یاخ بە گوێرەی پێویست نین |
| ٪٣ | ترس یاخود تاسانی پەیوەندیدار بە گەڕانەوە |
| ٪١ | ڕێگری لێکراو لە گەڕانەوە |

خشتەی ٢١: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| ٪٥٠ | ئاسایشی سەقامگیر |
| ٪٢٩ | بوونی ئەندامێکی خێزان لە قوتابخانە |
| ٪١٤ | نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە |
| ٪٨ | دەرفەتی ئابووری باشتر |
| ٪٣ | بارودۆخی باشتری گوزەران |
| ٪١ | باری تەندروستی ڕێگرە لە بەردەم گەڕانەوەی خێزان |

نەخشەی٥: نیازی داهاتوو بۆ هەر گەڕەکێک




٣٠ پرسیار لە وەڵامدەرەوەکە کرا 'بیهێنە پێش چاوت بۆ ساتێک کە هیچ بەربەستێکت نیە بۆ گەڕانەوە یان مانەوەت لەم شوێنەی ئێستادا: شوێنی پەسەندی خێزانەکەت کوێ دەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لێی بژیت؟

٣١ ئەم پرسیارە تەنها ئاراستەی ئەو خێزانە کرا کە نیازی گەڕانەوەی دەربڕی بوو، ئینجا ئەگەر پلانی گەڕانەوەی دانابێت یان دانەنابێت.


## ئەو هۆکارانەی کە کار لە ویستی گەڕانەوە دەکەن

دیارە چەندین تایبەتمەندی لە ناو خێزان دا هەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر نیازەکانی داهاتوو. ئەو خێزانانەی کە مێینە بەڕێوەیان دەبات نیازی مانەوەیان لە شوێنی ئێستادا زیاترە لەو خێزانانەی کە نێرینە بەڕێوەیان دەبات (٧١٪ بەرانبەر ٥٧٪)، دۆزینەوەیەک کە ڕەنگە پەیوەندی بە خۆبژێویی کەمترەوە هەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەنها لە سەدا ١٣ی سەرۆک خێزانی مێینە کار دەکەن (بەرانبەر بە ٥٣٪ لە سەرۆک خێزانی نێرینە).

کوردی سوننە زیاتر دەیانەوێت لە شوێنی ئێستادا بمێننەوە (٧٠٪ی دەیانەوێت بمێننەوە، بە بەراورد بە ٦١٪ی عەرەبی سوننە و ٥٣٪ بۆ گروپە کەمینەکانی تر) کە ئەمەش زیاتر بەهۆی هاوبەشی نەتەوەیی-ئایینیی خۆیانە لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا. لەوە ناچێت کە شوێنی ئاوارە ناوخۆییەکان کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر نیازی گەڕانەوە یان مانەوە لە شوێنی ئێستادا هەبێت، بەڵکو لەوە زیاتر کاریگەی بە سەر چوونە دەرەوەی وڵات هەیە. نزیکەی یەک لە سەر پێنجی خێزانەکانی ڕەسەنی حەمدانیە لە بەرنامەیاندایە وڵات بەجێبهێڵن، لە بەرانبەر ٩٪ی ئەو خێزانانەی خەڵکی موسڵن (ئەمانە دوو قەزای ڕەسەنی سەرەکین)[32] هەمان شت بۆ ئەو خێزانانەی کە پێش قەیرانی ٢٠١٤ ئاوارە بوون (١٩٪) و بۆ کەمایەتییە ئاینییەکانی وەک مەسیحی و یەزیدی،[33] ڕاستە. دەشێت چەندین هۆکار کار لە نیازی گەڕاوەیان بکەن، بەڵام گرنگترین فاکتەر ئاماژە بۆ نەبوونی ئاسایشی هەستپێکراو دەکات - نەک تەنها لە ناوچەی ڕەسەن بەڵکو لە شوێنی ئێستاشیان دا.

پێناچێت ئاوارەبوون بۆ چەندین جار کاریگەری گەورەی لەسەر نیازەکانی ئەو خێزانانەی کە لە هەولێرن هەبێت، لە کاتێکدا گەڕانەوە شکستخواردووەکان نیشاندەری ئاماژەیەکن بۆ وابەستەبوونی بەهێز بۆ ناوچەی ڕەسەن. لە سەدا چل و سێی ئەو خێزانانەی کە هەوڵیان داوە زیاتر لە جارێک بگەڕێنەوە، دەیانەوێت بگەڕێنەوە بە بەراورد بە لە سەدا ٣٠ی ئەو خێزانانەی کە هەرگیز هەوڵیان بۆ گەڕانەوە نەداوە یان تەنها یەک جار هەوڵیانداوە.

شێوەی ٦: ئەو فاکتەرانەی کار لە نیازەکان دەکەن




٣٢ شیکاری بۆ قەزا ڕەسەنەکانی تر ئەنجام نەدراوە، بەو پێیەی کە ژمارەی خێزانەکانی ناو نمونەکە/ سامپلەکە زۆر کەم بوون.

٣٣ ئەم دەرەنجامە تەنها دەرخەرە لە بەر ئەوەی ژمارەیە ئەو خێزانانەی کە سەر بە کەماتیە ئاینیەکانن (مەسیحی ، ئێزدی ، تورکمان و شەبەک) لە نمونەکەدا زۆر کەمن.

# شاری سلێمانی

## چوارچێوەی گشتی[34]

| | |
|---|---|
| کەسی ئاوارە | ٦٢,٤٧٢ |
| خێزانی ئاوارە | ١٠,٤١٢ |
| ئەو گەڕەکانەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆ دەگرن | ١٥١ |
| ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو دانیشتوانی خانەخوێ | ٨,٤٥ |

هەرچەندە شاری سلێمانی ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کەمپەکانی لە خۆ گرتووە ( نزیکەی ١٢,١٩٥، ١٠٪ ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کەمپەکان)، بەڵام زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناوەندی شارنشین دا نیشتەجێبوون (نزیکەی ٦٪ی کۆی ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان). ئەمە واتە کەمتر یەک لە سەر دەی نیشتەجێبوانی شار ئاوارەی ناوخۆیین. بەرزترین ژمارەیان لە گەڕەکی مەرکەز سلێمانی نیشتەجێبوونە، هەرچەندە دانیشتوانەکە بەسەر هەموو شارەکەدا بڵاوبوونەتەوە.

## وەرگری ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان

| | |
|---|---|
| وەرگری نزم | ٦٪ی تێکڕای ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان |
| ◄ وەرگری مامناوەند | |
| وەرگری بەرز | |

## ڕێژەی گۆڕانکاری لە دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان

| | |
|---|---|
| ◄ جێگیر | +٣٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان (ئەیلولی ٢٠١٩ - ئەیلولی ٢٠٢٠) |
| تا ڕادەیەک جێگیر | |
| تا ڕادەیەک جووڵەدار | |
| جووڵەدار | |

## قەزا ڕەسەنەکان

٢٥٪ بەغداد (تێکەڵ)
٢٤٪ سەلاحەددین (تێکەڵ لەگەڵ گەورەترین دەستە لەبەلەد)
٢٠٪ ئەنبار (تێکەڵ لەگەڵ گەورەترین دەستە لەڕەمادی)
١٢٪ دیالە (تێکەڵ لەگەڵ گەورەترین دەستە لەبەعقوبە)
٩٪ بابل (بە شێوەیە سەرەکی موسەیەب)
٦٪ نەینەوا (تێکەڵ)
٢٪ کەرکوک
<١٪ بەسرە


| |
|---|
| هاوچەشن |
| تا ڕادەیەک هاوچەشن |
| ◄ نا هاوچەشن |

## پێکهاتەی نەتەوەیی- ئایینی

٩١٪ عەرەبی موسڵمانی سوننە
٣٪ کوردی موسڵمانی سوننە
٢٪ عەرەبی موسڵمانی شیعە
٢٪ تورکمانی موسڵمانی سوننە
١٪ کوردی موسڵمانی شیعە
١٪ کوردی ئێزدی، لە گەڵ ژمارەیەکی کەمی مەسیحی کلدان و ئاشووری و شەبەک و تورکمانی موسڵمانی شیعە

| |
|---|
| ◄ هاوچەشن |
| تا ڕادەیەک هاوچەشن |
| نا هاوچەشن |

نەخشەی ٦: شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو شاری سلێمانی



شاری سلێمانیش وەک ناوەندە شارنشینەکانی تری هەرێمی کوردستان، جێگیریەکی زۆری لە ڕووی بارودۆخی ئاوارەبوون لە ماوەی ساڵێک بەر لە کۆکردنەوەی داتا بە خۆوە بینیوە لە گەڵ ڕێژەیەکی گۆڕانکاری ئەرێنی بە هۆی ئاوارەبوونی نوێ لە شارەکەدا. بە هۆی دابینکردنی خزمەتگوزاری باش و ڕەوشی ئاسایشی باش، شاری سلێمانی بەردەوام سەرنجی دانیشتوانی ئاوارە ناوەخۆیە تێکەڵەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە کە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان لە ماوەی شەپۆڵە جیاوازەکانی ئاوارەبوونەوە جێهێشتووە.[35] زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکان عەرەبی سوننەن ئەمە پێچەوانەی دانیشتوانی خانەخوێی. ئەوانی دیکەشیان سەر بە گروپ و کەمینە جۆراوجۆرەکانن، لەوانە کوردی سوننە و شیعە، عەرەبی شیعە، کلدان و ئاشوری و مەسیحیە بێ مەزهەبەکان، شەبەک و تورکمانی شیعە.

ئاوارە ناوخۆییەکان لە چەندین پارێزگا و قەزاکانەوە هاتوون. ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە بەغدادوە هاتوون زۆر تێکەڵن لە ڕووی ناوچەی ڕەسەنەوە و هیچ گروپێکیش زۆرینە نیە. ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی سەلاحەددین دەستەیەک لە یەسریب لە خۆ دەگرن و ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی ئەنبار دەستەیەک لە مەرکەز ڕەمادی لە خۆ دەگرن. هەروەها دەستەیەک لە ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی قەزای بەعقوبە لە دیالەش هەیە، لە گەڵ ژمارەیەکی کەمتری دانیشتوان لە پارێزگاکانی بابل، نەینەوا، کەرکوک و بەسرە.

خشتەی ٢٢: باشترین لایەنەکانی گوزەران لە شوێنی هەنووکەیی دا بە بەراورد لە گەڵ ناوچەی ڕەسەن[36]

| | |
|---|---|
| ٪٩٨ | باری ئەمنی باش |
| ٪٥١ | ئازادی هاتووچۆ |
| ٪٣٨ | کارکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی |
| ٪٢٤ | کارکردنی قوتابخانەکان |
| ٪١٤ | چاودێری دەروونی کۆمەڵایەتی |
| ٪١٣ | بوونی خزم /یاخود هاوڕێیان |
| ٪١٠ | دەرفەتەکانی کارکردن و دەستخستنی گوزەران |

## فاکتەرەکانی لاوازی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- دیمۆگرافی

| | |
|---|---|
| تێکڕای قەبارەی خێزانێک | ٨ کەس |
| ڕێژەی نێرینە لە ناو مێینەکان دا | ١١٠ |
| ڕێژەی پشتپێبەستن | ١١٣ |

وا دەردەکەوێت کە ئاوارە ناوخۆییەکان لە سلێمانی ڕێژەیەکی کەمێک بەرزتری پشت پێبەستن بە بەراورد لە گەڵ شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان هەبێت، بە ڕێژەی ١١٣، واتە ١١٣ کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ و کەسانی بەتەمەن لە هەر ١٠٠ دانیشتوانی چالاک (١٨-٥٩ ساڵان) بوونیان هەیە. منداڵانی تەمەن قوتابخانە نزیکەی دوو لەسەر پێنجی کۆی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان (٣٨٪) هەژمار دەکرێن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نزیکەی هەموو خێزانەکان بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە ئاوارە بوونە، لە ١٢٪ی منداڵان لە شوێنی ئاوارەبوون دا لە دایک بوون. تێکڕای تەمەنی سەرۆک خێزان ٤٤ ساڵە و هاوکات سەرۆک خێزانە مێینەکان پێدەچێت بە تەمەنتر بن بە تێکڕای ٤٦ ساڵ و قەبارەی خێزان یەکسانە بە تێکڕای قەبارەی خێزانێکی عێراقی، بە شەش کەس بۆ هەر خێزانێک.

شێوەی ٧: ڕەگەز و تەمەنی دانیشتوانی ئاوارە

| نێرینە | | مێینە |
|---|---|---|
| ٪٦ | خوار تەمەن ٥ ساڵ | ٪٦ |
| ٪١٨ | منداڵانی تەمەن قوتابخانە (٥-١٧ ساڵ) | ٪٢٠ |
| ٪٢٤ | دانیشتوانی چالاک (١٨-٥٩ ساڵ) | ٪٢٣ |
| ٪٢ | کەسانی بەتەمەنتر (+٦٠ ساڵ) | ٪١ |

خێزانانی ئاوارە ژمارەیەک لاوازیان لێدەردەکەوێت. لە سەدا دەی خێزانەکان لە لایەن مێینەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، کە زۆرینەیان سەرۆک خێزانی مێینەی سەڵتن (٨٪). نزیکەی یەک لە سەر دەی خێزانەکان، بە لایەنی کەمەوە ئەندامێکیان هەیە کە زەحمەتییەکی کارکردنی هەیە، ئەم ژمارەیە بە بەراورد لە گەڵ دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی ناوەندە شارنشینە هەڵسەنگێراوەکانی تری هەرێمی کوردستان، کە نزیکەی چوار یەکی خێزانەکان لە خۆ دەگرێت، زۆر نزمە. ئاوارەبوونی ماوەدرێژ بووە بە نۆرم یاخود خوو، لە سەدای ٨٧ی خێزانەکان بۆ ماوەی بە لایەنی کەمەوە سێ ساڵە ئاوارەبوونە، زۆربەیان سەرەتا ئاوارەی سلێمانی بوونە و لەو کاتەشەوە لەوێ مانەتەوە، لە سەدا ٧٥ی خێزانەکان بۆ تەنها یەکجار ئاوارەبوونە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەقامگیریەکی ڕێژەیی بوونی هەیە و بارودۆخی ژیان و گوزەران لە ناوچەی ئاوارەبوون دا باشە.[37] نزیکەی یەک لە سەر دەی خێزانەکان (١١٪) پێشتر تووشی ئاوارەبوون بوونەتەوە پێش قەیرانی ساڵی ٢٠١٤.

خشتەی ٢٣: پرۆفایلی لاوازی

| | |
|---|---|
| ٪٨٧ | خێزانەکان لە ئاوارەبوونی ماوەدرێژ دا |
| ٪٢٥ | ئەو خێزانانەی ڕووبەڕووی چەندین ئاوارەبوون بوونەتەوە |
| ٪١١ | ئەو خێزانانەی بەر لە ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوونە |
| ٪١٠ | ئەو خێزانانەی مێینە بەڕێوەیان دەبات، لە ٨٪یان "تەنیان"[38] |
| ٪٩ | ئەو خێزانانەی ئەندامیان زەحمەتی کارکردنیان هەیە |

## بژێوی گوزەران

نزیکەی نیوەی خێزانەکان دەتوانن پشت بە کارکردنی سەرۆکی خێزان ببەستن وە نزیکەی سەدا ٧٠ ڕایانگەیاندووە کە دەتوانن پێویستیە بنەڕەتیەکان دابین بکەن. تەنیا زیاتر لە یەک لە سەر سێی خێزانەکان (٣٥٪) ڕایانگەیاندووە کە ستاندەرێکی گوزەرانی وایان هەیە کە دەکرێت لە گەڵ گوزەرانی پێش ماوەی قەیرانەکە بەراورد بکرێت. تەنیا لە سەدا ٣٨ی خێزانەکان ڕایانگەیاندووە سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان هەیە لە میانی سێ سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان، کە ئەمەش ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو نزمترە لە ناوەندە شارنشینە هەڵسەنگێراوەکانی تری هەرێمی کوردستان. تەنیا لە سەدا ١ی خێزانەکان ئاماژەیان بەوەدا کە پاشەکەوتیان هەیە، لە بەرانبەر لە سەدا ٦ی خێزانەکان ڕەنگە قەرزدار بن. لە کاتێکدا کە دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی وا دەردەکەوێت باشتر بێت لە چاو ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی خێزانەکان کەمتر ئاماژەیان بەوەدا کە ئەگەر سەرچاوەی داهاتی زیادەیان هەبووایە ئەوا بە ئاراستەی چاودێری تەندروستی خەرجیان دەکرد، بارودۆخی خانووبەرە پێدەچێت خراپ بێت، لە بەر ئەوەی لە سەدا ٦٩ی خێزانەکان ئاماژەیان بەوەدا کە سەرچاوەی داهاتی زیادەیان بۆ باشترکردنی بارودۆخی پەناگەکانیان بەکاردەهێنا، کە ئەم ڕێژەیە زۆر بەرزترە لە چاو شوێنەکانی تری هەرێمی کودستان.[39] تەنیا لە سەدا ٨ی خێزانەکان ئاماژەیان بەوەدا پارەی زیادەیان بۆ چاکردنەوەی خانووەکانیان لە شوێنی ڕەسەنیان بەکاردەهێنا، ئەمەش گوزارشت لەوە دەکات کە یان خانووەکە هی ئەوە نیە چابکرێتەوە یانیش خێزانەکان ناچنەوە ناو ئەو خانووە لە کاتی گەڕانەوەیان، هەرچەندە لە سەدا ٦٥ی خێزانەکان خاوەن خانووی خۆیانن لە شوێنی ڕەسەنیان دا. هەروەها تەنها لە سەدا ٤ی خێزانەکان لەو خانووانەدا دەژین کە هی خۆیانە لە ناوچەی ئاوارەبوون.[40]

خشتەی ٢٤: پرۆفایلی گوزەران

| | |
|---|---|
| ٪٧٠ | خێزانەکان دەتوانن پێداویستیە بنەڕەتیەکانیان فەراهەم بکەن |
| ٪٤٧ | سەرۆکی خێزانەکان کار دەکەن |
| ٪٣٨ | ئەو خێزانانەی کە سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان هەیە لە میانی سێ سەرچاوەی سەرەکی داهات. |
| ٪٣٥ | ئەو خێزانانەی کە بارودۆخیان باشترە یان وەک بارودۆخی پێشتر ماوەتەوە |
| ٪٤ | ئەو خێزانانەی لە ناو ئەو خانووانەدا دەژین کە هی خۆیانە |

٣٥ وردەکاری تەواو سەبارەت بە شوپۆڵەکانی ئاوارەبوون دەکرێت لە تێبینی شێواز/ میتۆدەکە بەدەستبخرێت.

٣٦ بژاردەکانی تری وەڵامدانەوە بریتین لە: 'خانوویەکی باشتر'، 'ئازادی بۆ ڕادەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی من/بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی'، 'پشتگیری ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگە'، 'تێچووی گونجاوی گوزەران' و هەریەک بە کەمتر لە سەدا ٧ی خێزانەکان ئاماژەیان پێدرا. ئەم ژمارانە دەشێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن تەنها سێ بژاردەی وەڵامدانەوە دەستنیشان بکەن، بە کەم بزانرێن.

٣٧ ئاوارەبوونی ماوەدرێژ بەو ئاوارەبوونە ئەژمار دەکرێت کە ماوەکەی بۆ سێ ساڵ زیاتر بخایەنێت. ئەو کاتەی کە سامپلی سەرەتایی وەرگیرا، ئاوارەوونی ماوەدرێژ هەموو ئەو ئاوارەبوونانەی کە لە تومووزی ٢٠١٧وە یاخود زووترڕوویداون گرتەوە.

٣٨ کاتێک سەرۆک خێزانی مێینە بە تەنیا ناو دەبرێت ئەمە واتە مێینەکە سەڵتە، بێوەژنە، جیاکراوە، تەڵاقدراوە، یاخود ئەگەر هاوسەرگیری کردبێت، ئەوا لە گەڵ هاوسەرەکەی ناژیت.

٣٩ بۆ ئەوەی پێداویستیە سەرەکییەکان هەڵبسەنگێنرێت پرسیار لە خێزانەکان کرا 'بیهێننە پێش چاوتان بۆ ساتێک کە خێزانەکانتان بڕە پارەیەکی زۆری بە میرات بۆ ماوەتەوە. تکایە ئاماژە بە سێ لەو بڕگە سەرەکیانەی کە خێزانەکەتان ئەم پارەیەی بۆ بەکاردەهێنێت بدەن (بە دەستپێکردن لە بڕگەی هەرە گرنگترینیان).

٤٠ سەیری خوارەوەش بکە، نیشاندەرەکانی وابەستەبوون بە شوێنی ڕەسەنەوە.

خشتەی ٢٥: سەرچاوەی سەرەکی داهات

| | |
|---|---|
| ٪٦١ | بازرگانی نافەرمی یاخود کاری ڕۆژانە |
| ٪١٦ | کاری مووچەدار (کەرتی گشتی) |
| ٪١٥ | مووچەی خانەنشینی |
| ٪٦ | کاری مووچەدار (کەرتی تایبەتی) |
| ٪٥ | پارە لە لایەن خێزان/ هاوڕێیان لە ناو عێراق |
| ٪٢ | بازرگانی تایبەت |
| ٪١ | قەرزکردنی پارە لە هاوڕێیان یان خێزان |
| ٪١ | پاشەکەوت |
| ٪١ | داهات لە کرێی خانوو یان زەوی |
| ٪١ | نەختینە/ بەخشین یاخود یارمەتی لە لایەن دامەزراوە نیشتیمانیەکانەوە |
| ٪١ | یارمەتی حکومەت، بە قەرەبووکردنیشەوە |

خشتەی ٢٦: پێداویستیە سەرەکیەکان[41]

| | |
|---|---|
| ٪٦٩ | دانی پارە بۆ پەناگەی نوێ |
| ٪٢٦ | چاودێری تەندروستی |
| ٪٢٤ | پشتگیری کردنی ئەندامانی تری خێزان |
| ٪٢٠ | خۆراک |
| ٪١٨ | چالاکی بازرگانی یاخود گوزەران |
| ٪١٢ | گواستنەوە |
| ٪١١ | وەبەرهێنان |
| ٪١١ | جلوبەرگ |
| ٪٩ | خوێندن و پەروەردە |
| ٪٨ | دانەوەی قەرزەکان |
| ٪٨ | چاککردنەوەی خانوو لە ناوچەی ڕەسەن |
| ٪١ | چاککردنەوەی خانوو لە ناوچەی ئاوارەبوون |
| ٪١ | یارمەتیدانی ئەوانی تر |

## لە خۆگرتنی سەلامەتی و کۆمەڵایەتی لە شوێنی هەنووکەیی دا

ئاستی سەلامەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا وا دەردەکەوێت کە زۆر بەرز بێت. هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان ڕایانگەیاند کە هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن (١٠٠٪) و هیچ یەک لە خێزانەکان ڕایان نەگەیاندووە کە تووشی جیاکاری بووبنەتەوە. نزیکەی هەموو خێزانەکان هەست بە ئاسودەیی دەکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسانی خۆجێی ئەگەر پێویست بێت (٩٨٪). زۆربەی ئاوارە ناوخۆییەکان خۆیان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە (٦٧٪) هەرچەند تەنیا نزیکەی نیوەیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان داوە (٤٧٪)، کە ئەم ڕێژەیە نزمترە لە ناوەندە شارنشینەکانی تری هەرێمی کوردستان و ئەمەش وا دەردەکەوێت کە لە دەرەنجامی نائومێدی و بێهیوایان بۆ سیستەمی سیاسی بێت. متمانە نەبوون و حەزنەکردن بە سیستەمی سیاسی هۆکاری سەرەکی دەنگنەدانە (٣٨٪) بەدوای ئەمیش نەبوونی توانای گەشتکردن بۆ شوێنەکانی دەنگدان دێت (٣٦٪).

خشتەی ٢٧: سەلامەتی و لە خۆگرتنی کۆمەڵایەتی

| | |
|---|---|
| ٪١٠٠ | هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن |
| ٪١٠٠ | ڕووبەڕووی جیاکاری نەبوونەتەوە |
| ٪٩٨ | هەست بە سەلامەتی دەکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسە خۆجێیەکان |
| ٪٦٧ | خۆیان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە |
| ٪٤٦ | لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان داوە |

## خواست و پلاندانان بۆ گەڕانەوە

نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان ڕایانگەیاندووە کە بەڵگەنامەی کەسی سەرەکییان هەیە (٩٢٪).[42] هەروەها نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن زانیاری متمانەپێکراو سەبارەت بە ناوچەی ڕەسەنیان بەدەست بخەن (٩٤٪) و پێدەچێت ژمارەیەکی کەمیان نەتوانن دەستیان بە زانیاریەکان بگات و تەنانەت ژمارەیەکی لەوەش کەمتر پێدەچێت پەیوەندیان لەگەڵ خێزانەکان، هاوڕێیان یاخود ئەندامانی کۆمەڵگە کە دەتوانن دوایین زانیاریان پێبدەن، پچڕابێت. هۆکارە سەرەکیەکانی ڕاگەیەنراو بۆ نەبوونی زانیاری لە سەر ناوچەی ڕەسەنیان بریتی بوو لە نەتوانینی دەستگەیشتن بەو جۆرە زانیاریە (٣٤٪) یاخود هەست بەوە دەکەن ناتوانن متمانە بە سەرچاوەی زانیاریەکانیان بکەن (٣٦٪). لە میانی ئەوانەی کە مولکێکیان لە ناوچەی ڕەسەن هەیە، بارودۆخی گوزەران و پەناگە پێدەچێت بۆیان ئاڵۆزبووبێت. کەمتر لە نیوەیان ئاماژەیان بەوەدا کە بەڵگەنامەی مولکێکیان هەیە و نزیکەی چواریەکی خێزانەکان خاوەن خانوویەکن کە دەکرێت تێیدا نیشتەجێ بن و کەمتر لە چارەکی خێزانەکانیش ئاماژەیان بەوەدا کە دەرفەتی گوزەرانی باشتر و بارودۆخی گونجاوتری بژێویان لە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان بۆ دەرەخسا (بە بەراورد لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە لە ئاوارەبوون دا هەیانە).

خشتەی ٢٨: بارودۆخەکانی چواردەوری گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٩٤ | زانیاری پێویستیان دەربارەی ناوچەی ڕەسەنیان هەیە |
| ٪٩٢ | بەڵگەنامەی کەسیان هەیە |
| ٪٤٧ | بەڵگەنامەی خانوویان هەیە[43] |
| ٪٢٦ | خاوەنی خانوویەکی گونجاو بۆ نیشتەجێبوونن |
| ٪٢٢ | بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ناوچەی ڕەسەن باشترە |

زیاتر دوو لە سەر سێی خێزانەکان (٦٩٪) کەسێک دەناسن کە سەرکەوتووانە گەڕاوەتەوە ناوچەی ڕەسەنی، لە کاتێک دا کە یەک لە سەر دەی خێزانەکان پێشتر خۆیان هەوڵی گەڕانەوەیان داوە (١٠٪) و ڕێژەیەکی زۆر کەم داوای قەرەبوویان کردووە (٥٪).[44] سەرەڕای ئەوەش نزیکەی نیوەی خێزانەکان نیازی گەڕانەوەیان ڕاگەیاندووە و تەنها لەسەدا٤ی خێزانەکان پلانی کۆنکریتیان بۆ گەڕانەوە داناوە، کە لە زۆربەی حاڵەتەکان دا ئەمە واتە پشکنین و وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە بارودۆخەکانی شوێنی ڕەسەن.[45]

خشتەی ٢٩: پلاندانان بۆ گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٦٩ | کەسانێک دەناسن کە بە سەرکەوتووانە گەڕاونەتەوە |
| ٪١٠ | بە لایەنی کەمەوە یەکجار هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە |
| ٪٥ | داوای قەرەبوویان کردووە ( ئەگەر خاوەنی خانوو بن لە ناوچەی ڕەسەن) |
| ٪٤ | پلانیان داناوە بۆ گەڕانەوە |
| ٪٣ | زیاتر لە جارێک هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە |

٤١ بۆ ئەوەی پێداویستیە سەرەکییەکان هەڵبسەنگێنرێت پرسیار لە خێزانەکان کرا 'بیهێننە پێش چاوتان بۆ ساتێک کە خێزانەکانتان بڕە پارەیەکی زۆری بە میرات بۆ ماوەتەوە. تکایە ئاماژە بە سێ لەو بڕگە سەرەکیانەی کە خێزانەکەتان ئەم پارەیەی بۆ بەکاردەهێنێت بدەن (بە دەستپێکردن لە بڕگەی ا‌وەوە وەک گرنگترینیان). خشتەکە ڕێژەی ئەو وەڵامدەرانە پیشان دەدات کە ئاماژەیان بە هەر بژاردەیەک کردووە، نەوەک ئەو ئەولەوییەتەی کە بە هەر بژاردەیەک دراوە.

٤٢ بەڵگەی نەتەوەیی، ناسنامەی نیشتمانی و کارتی نیشتەجێبوون لە سێ بەڵگەنامەی سەرەکین کە ونبوونیان ڕادەگەیەنرێت.

٤٣ ئەم دوو نیشاندەرە لە میانی ئەوانەن کە ڕایانگەیاندووە کە خاوەنی خانوویەکن لە شوێنی ڕەسەن دا.


٤٤ هەروەها ژمارەی زیاتری ئەو کەسانەی کە داوای قەرەبوویان کردووە، دەکرێت بە هۆی ڕێژەی زیاتری ئەو کەسانەی ئاگاداری ڕووپێوی ناوخۆیی قەرەبووکردنەوە و کاری، ڕوونبکرێتەوە.

٤٥ لە میانی ئەو خێزانانەی کە پلانیان داناوە، باوترین کردەوە بریتیە بووە لە زانیاری وەرگرتن سەربارەت بە بارودۆخەکان لە شوێنی بنەڕەتی (٥٦٪)، دوای ئەوە ڕێکخستنی شوێنی نیشتەجێبوون (٣٢٪) و ڕێکخستن لەگەڵ خێزان، هاوڕێ یان ئەندامانی کۆمەڵگە (٢٩٪).

## نیازەکان و چارەسەری بەردەوامی بە باشزانراو

تا ئێستا نزیکەی لەسەدا ٧٠ی خێزانەکان خۆیان بە "ئاوارە" هەژمار دەکەن،[٤٦] لە کاتێک دا نزیکەی لە سەدا ٥٤ی خێزانەکان نیازی مانەوەیان لە شوێنی هەنووکەدا ڕاگەیاندووە و لە سەدا ٢ش بڕیاریان نەداوە. لە سەدا ٤٤ی خێزانەکان ویستی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەنیان دەربڕیوە، کە ئەم ڕێژەیە زۆر لە تێکڕای هەرێمی کوردستان بەرزترە. هەروەها تەنیا لە سەدا ١٠ی ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە هەنگاوی کردەییان بەرەو ئەم ئاراستەیە ناوە. تاکو سەدا ٤٤ی ئەو خێزانانەی کە نیازی گەڕانەوەیان هەیە، زۆرترین پێشبینی ئەوەیە کە گەڕانەوەیان ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دەخایەنێت (٣٢٪) یاخود سەبارەت بە دیاریکردنی کاتی گەڕانەوەیان بڕیاریان نەداوە (٢٩٪)، ئەمە ئەوە دەردەخات کە دانیشتوانی ئاوارە پێدەچێت لە شوێنی ئێستایان لە شاری سلێمانی بۆ ئاییندەیەکی پێشبینیکراو بمێننەوە.

شێوەی ٨: نیازی خێزانەکان لە حاڵەتێک ئەگەر هیچ بەربەستێک ڕووبەڕوویان نەبێتەوە




دیارە بارودۆخی باش و گونجاوی ژیان لە شاری سلێمانی، جیاوازی دروست دەکات لە ڕووی دواخستنی گەڕانەوە.[٤٧] فاکتەرەکانی ڕاکێشانی پەیوەست بە ناوچەی ئاوارەبوون، بریتین لە ئاسایشی سەقامگیر (٢٥٪)، بارودۆخی باشتری ژیان و گوزەران (١١٪) و دەرفەتەکانی ئابووریی (١٠٪) و وا دەردەکەوێت ئەوەندەی فاکتەرەکانی پاڵپێوەنان لە شوێنی ڕەسەن گرنگ نەبن، لەوانە نەبوونی ئاسایش (٥٤٪)، نەبوونی خانووبەرە (١٦٪) و نەبوونی دەرفەتی ئابووری (٨٪). کێشەی خێڵەکی/ ئاشتبوونەوە، ترس یان تاسانی پەیوەست بە گەڕانەوە و ڕێگریکردن لە گەڕانەوە، ئاماژەی پێنەدرا یاخود زۆر بە دەگمەن ئاماژەی پێدرا.


خشتەی ٣٠: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ڕەسەن

| | |
|---|---|
| ٪٥٤ | ئاسایشی نا سەقامگیر |
| ٪١٦ | نەبوونی خانووبەرە |
| ٪٨ | نەبوونی دەرفەتی ئابووری |
| ٪٨ | خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بەردەست نین یاخود بە گوێرەی پێویست نین |
| ٪٣ | ڕێگری لێکراو لە گەڕانەوە |
| ٪١ | ترس یاخود تاسانی پەیوەندیدار بە گەڕانەوە |
| ٪١ | کێشەکانی خێڵەکی و ئاشتبوونەوە |

خشتەی ٣١: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| ٪٢٥ | ئاسایشی سەقامگیر |
| ٪١٠ | دەرفەتی ئابووری باشتر |
| ٪١١ | بارودۆخی باشتری گوزەران |
| ٪١١ | نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە |
| ٪٥ | باری تەندروستی ڕێگرە لە بەردەم گەڕانەوەی خێزان |
| ٪١ | بوونی ئەندامێکی خێزان لە قوتابخانە |

نەخشەی ٧: نیازی داهاتوو بۆ هەر گەڕەکێک




٤٦ پرسیاری لە وەڵامدەرەوەکە کرا 'بیهێنە پێش چاوت بۆ ساتێک کە هیچ بەربەستێکت نیە بۆ گەڕانەوە یان مانەوەت لەم شوێنەی ئێستادا: شوێنی پەسەندی خێزانەکەت کوێ دەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لێی بژیت؟

٤٧ ئەم پرسیارە تەنها ئاراستەی ئەو خێزانە کرا کە نیازی گەڕانەوەی دەربڕی بوو، ئینجا ئەگەر پلانی گەڕانەوەی دانابێت یان دانەنابێت.


## ئەو هۆکارانەی کە کار لە ویستی گەڕانەوە دەکەن

دیارە چەندین تایبەتمەندی لە ناو خێزان دا هەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆییان هەیە لەسەر نیازەکانی داهاتوو. ئەو خێزانانەی کە مێینە بەرێوەیان دەبات نیازی مانەوەیان لە شوێنی ئێستادا زیاترە لەو خێزانانەی کە نێرینە بەرێوەیان دەبات (٦٢٪ بەرانبەر ٥٣٪)، کە ڕەنگە بە هۆی دەرفەتەکانی ئابووری لە شوێنی ئاوارەبوون بێت، بەو پێیەی لە سەدا ٧٣ی سەرۆک خێزانی مێینە کار دەکەن بە بەراورد لە گەڵ تەنها لە سەدا ٥١ی سەرۆک خێزانی نێرینە.

وەک ئەوەی لە ناوەندە شارنشینەکانی تری هەرێمی کوردستان بەدیکرا، کوردی سوننە زیاتر دەیانەوێت لە شوێنی ئێستادا بمێننەوە، بە بەراورد لە گەڵ عەرەبی سوننە (٧٢٪ بە بەراورد بە ٥٣٪) کە ئەمەش زیاتر بەهۆی هاوبەشی نەتەوەیی-ئایینیی خۆیانە لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا.

بەو شێوەی پێشبینیدەکرێت، ئەوانەی بە لایەنی کەمەوە بۆ یەکجار هەوڵی گەڕانەوەیان داوە، پێدەچێت ویستێکی بەهێزتریان هەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەی ڕەسەنی خۆیان.  پێناچێت ئاوارەبوون بۆ چەندین جار کاریگەری گەورەی لەسەر نیازەکانیان هەبێت، تا ئەو کاتەی خێزانەکان بۆ چوار جار یان زیاتر لە چوار جار ئاوارە دەبن لە کاتێکدا نیازی گەڕانەوە بە نزیکەی لە سەدا ٤٠-٤٧ زیادی کردووە بۆ نزیکەی لەسەدا ٦٩.[48]

شێوەی ٩: ئەو فاکتەرانەی کار لە نیازەکان دەکەن




٤٨ ئەم دەرەنجامە تەنها دەرخەرە لە بەر بچووکی قەبارەی سامپلەکە/ نمونەکە.

# شاروچکەی زاخۆ

## چوارچێوەی گشتی[٤٩]

| | |
|---|---|
| کەسی ئاوارە | ٣٩,٤٤٤ |
| خێزانی ئاوارە | ٦,٥٧٤ |
| ئەو گەڕەکانەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆ دەگرن | ١٣ |
| ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو دانیشتوانی خانەخوێ | ١٥,٧ |

سەرەڕای لە خۆ گرتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە ناوخۆییەکانی ناوەوەی کەمپەکان لە دەوروبەری شارەکەدا ( نزیکەی ٤٢,٠٠٠ کەس)، ڕێژەی ئاوارەبوونی شارنشینیش بەرزە وشارۆچکەی زاخۆ ٣٩,٤٤٤ ئاوارەی ناوخۆیی لە خۆ دەگرێت (نزیکەی ٤٪ی کۆی ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان لە سەرتاسەری وڵات). ئەمە واتە لە هەر ١٦ کەس کە لە شار دا دەژین نزیکەی کەسێکیان ئاوارەی ناوخۆیین. بەرزترین ژمارەیان لە گەڕەکی مەرکەزی زاخۆ نیشتەجێبوونە، بە نزیکەی لە سەدا ٩٤ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەوێ نیشتەجێن و هاوکات دانیشتوانی تری ئاوارە نیشتەجێی ناحیەی ڕزگارین.

## وەرگری ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان

٤٪ی تێکڕای ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان

- وەرگری نزم
- ▸ وەرگری مامناوەند
- وەرگری بەرز

## ڕێژەی گۆڕانکاری لە دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان

-٦٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان
(ئابی ٢٠١٩- ئابی ٢٠٢٠)

- ▸ جێگیر
- تا ڕادەیەک جێگیر
- تا ڕادەیەک جووڵەدار
- جووڵەدار

## قەزا ڕەسەنەکان

٥٥٪شنگال
٢٣٪تەلەعفەر
٢٠٪موسڵ
١٪ بەعاج


- هاوچەشن
- ▸ تا ڕادەیەک هاوچەشن
- نا هاوچەشن

## پێکهاتەی نەتەوەیی- ئایینی

٨٣٪ کوردی موسڵمانی سوننە
٧٪کوردی ئێزدی
٥٪ عەرەبی موسڵمانی سوننە
٣٪ کوردی موسڵمانی شیعە
١٪ مەسیحی کلدانی
١٪ تورکمانی موسڵمانی سوننە

- ▸ هاوچەشن
- تا ڕادەیەک هاوچەشن
- نا هاوچەشن

نەخشەی ٨: شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناو شارۆچکەی زاخۆ




٤٩ ژمارەی دانیشتوانی تاکو ئابی ٢٠٢٠

هاوشێوەی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، دۆخی ئاوارەبوون جێگیرە- تەنها نزیکەی لە سەدا ٦ ی ئاوارە ناوخۆییەکان شوێنی ئاوارەبوونیان لە ناو شاردا لەوەتەی ئابی ٢٠٢٠ەوە جێهێشتووە- بەشێکی هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاسایش و ئارامی، ئازادی هاتووچۆ و دەستگەیشتنێکی باش بۆ خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان، بە دیاریکراوی چاودێری تەندروستی و قوتابخانەکان. وابەستەیی نەتەوەیی-ئایینی فاکتەرێکی گرنگی تری راکێشانە لە زاخۆ (٨٣٪ سوننە، ٧٪ ئێزدی و ٣٪ شیعە) وە تەنها لە سەدا ٧ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە گروپە کەمینە ناکوردەکانن لەوانە عەرەبی سوننە، مەسیحی کلدانی و تورکمانی سوننە. نزیکەی سەرجەم ئاوارە ناوخۆییەکان لە بنەڕەت دا خەڵکی پارێزگای نەینەوان، کە زۆربەیان خەڵکی قەزاکانی شنگال (٥٥٪)، تەلەعفەر (٢٣٪) و موسڵن (٢٠٪).

خشتەی ٣٢: باشترین لایەنەکانی گوزەران لە شوێنی هەنووکەیی دا بە بەراورد لە گەڵ ناوچەی ڕەسەن[50]


| | |
|---|---|
| ٪٩٣ | باری ئەمنی باش |
| ٪٤٥ | ئازادی هاتووچۆ |
| ٪٣٨ | کارکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی |
| ٪٣١ | کارکردنی قوتابخانەکان |
| ٪١٦ | دەرفەتەکانی کارکردن و دەستخستنی گوزەران |
| ٪١٣ | چاودێری دەروونی کۆمەڵایەتی |
| ٪١١ | بوونی خزم/ یاخود هاوڕێیان |

## فاکتەرەکانی لاوازی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- دیمۆگرافی

| | |
|---|---|
| تێکڕای قەبارەی خێزانێک | ٧ کەس |
| ڕێژەی نێرینە لە ناو مێینەکان دا | ١٠٨ |
| ڕێژەی پشتپێبەستن | ١١٢ |

وا دەردەکەوێت کە تێکڕای تەمەنی ئاوارە ناوخۆییەکان لە زاخۆ تەواو گەنج بێت، بە ڕێژەی پشت پێبەستنی ١١٢. منداڵانی تەمەن قوتابخانە بە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان هەژمار دەکرێن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نزیکەی هەموو خێزانەکان (٩٨٪) بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە ئاوارە بوونە، لە ١٤٪ی منداڵان لە شوێنی ئاوارەبوون دا لە دایک بوون. ژمارەی نێرینەکان کەمێک لە مێینەکان زیاترە بە تایبەتی لە ناو گروپی دانیشتوانی چالاک دا (١٨-٥٦ساڵ). تێکڕای تەمەنی سەرۆک خێزان، بۆ هەردوو نێرینە و مێینە ٤٢ ساڵە و هاوکات قەبارەی خێزانەکان گەورەیە (بە تێکڕایی ٧ ئەندام بۆ هەر خێزانێک) ئەمەش پێشبینیدەکرێت کاریگەری لە دەستە/ کۆبوونەوەی ئەندامانی خێزانێک لە ژێر هەمان سەقف بکات. شایەنی ئاماژەپێدانیشە، هەرچەندە خێزانە ئاوارەکانی زاخۆ ( و شارەکانی تری هەرێمی کوردستان) کوالێتی بەردەستبوونی خزمەتگوزاریەکان بەرز دەنرخێنن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم تێچووی ژیان و گوزەران (٧٪) بە بەراورد لە گەڵ ناوچەی ڕەسەنیان بە گونجاو دەزانن.

شێوەی ١٠: ڕەگەز و تەمەنی دانیشتوانی ئاوارە




خێزانانی ئاوارە ژمارەیەک لاوازیان لێدەردەکەوێت. لە سەدا دەی خێزانەکان لە لایەن مێینەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، کە نزیکەی چارەکی خێزانەکان بە لایەنی کەمەوە ئەندامێکیان هەیە کە زەحمەتییەکی کارکردنی هەیە. نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە ئاوارەبوونە (٩٩٪).

کە لە ناویان لە سەدا ١١ پێشتر تووشی ئاوارەبوون بوونەتەوە پێش قەیرانی ساڵی ٢٠١٤ و نزیکەی لە سەدا ٤١ زیاتر لە جارێک لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ەوە ئاوارەبوون و هاوکات نزیکەی چارەگێکیان چوار جار یان زیاتر لە چوار جار ئاوارەبوون (٩٪).

خشتەی ٣٣: پرۆفایلی لاوازی

| | |
|---|---|
| ٪٩٩ | خێزانەکان لە ئاوارەبوونی ماوەدرێژ دا |
| ٪٤١ | ئەو خێزانانەی ڕووبەڕووی چەندین ئاوارەبوون بوونەتەوە |
| ٪٢١ | ئەو خێزانانەی ئەندامیان زەحمەتی کارکردنیان هەیە |
| ٪١١ | ئەو خێزانانەی بەر لە ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوونە |
| ٪١٠ | ئەو خێزانانەی مێنە بەرێوەیان دەبات، ٣٪ کە 'تەنیان'[51] |

## خۆبژێوی و گوزەران

بار و دۆخی ژیان و گوزەران پێدەچێت کەمێک سەختتر بێت بە بەراورد لەوەی کە لە شاری دهۆک ڕاگەیەنرا، بەو پێیەی کە لە سەدا ٦٠ ی خێزانەکان دەتوانن پشت بە کارکردنی سەرۆکی خێزان ببەستن (٦٢٪) و دەتوانن پێویستیە بنەڕەتیەکان دابین بکەن (٦٥٪). تا ڕێژەی لە سەدا ٤٢ی داهاتی خێزانەکان پشت بە بازرگانی نافەرمی/ کاری رۆژانە دەبەستێت و تەنها نیوەی پشت بە سەرچاوەی جێگیری داهات دەبەستن - کە بەشی هەرە زۆری لە کارکردن لە کەرتی تایبەت دایە. دەرئەنجام، ئاستی گوزەران و بژێوی ئاوارەکان زۆر بە سەختی لەگەڵ ئاستی پێش قەیرانەکە بەراورد دەکرێت. تەنها نزیکەی یەک لە سەر سێی خێزانەکان، بارودۆخی ئێستایان بە باشتر یان هاوشێوەی ئەوەی کە پێش ئاوارەبوون هەیان بوو، ئەژمار دەکەن و ڕەنگە هەمان ڕێژە قەرزاریش بێت، چونکە ڕایانگەیاندووە کە سەرچاوەی دارایی زیادەیان بۆ دانەوەی قەرزەکان بەکاردەهێنا. نزیکەی لەسەدا ٤یان هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نیە و تەنها لەسەدا ١ی خێزانەکان خەریکی کاری کشتوکاڵی یان ئاژەڵدارین، هەرچەندە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەشێت چالاکیەکی گرنگی دەستخستنی داهات و بژێوی بووبێت بەر لە ئاوارەبوون.[52] دۆخی پەناگە و نیشتەجێبوون پێدەچێت کێشەیەکی بەپەلەی تر بێت: زیاتر لە سەدا ٤٠ی خێزانەکان حەز دەکەن ئەو پەناگەییەی کە لەناوی دا دەژین بگۆڕن (٢٣٪) یان چاک بکەنەوە (١٩٪)، ڕێژەکە زۆر بەرزترە لە ئەوانەی کە دەیانەوێت خانووەکانیان لە شوێنی ڕەسەنیان دا چاک بکەنەوە (٦٪). نزیکەی لە سەدا ١٥ی خێزانەکان خاوەنی ئەو خانووەن کە تێیدا دەژین، بەرانبەر لە سەدا ٨١ی پێش ئاوارەبوون.

خشتەی ٣٤: پرۆفایلی بژێوی و گوزەران

| | |
|---|---|
| ٪٦٥ | خێزانەکان دەتوانن پێداویستیە بنەڕەتیەکانیان فەراهەم بکەن |
| ٪٦٢ | سەرۆکی خێزانەکان کار دەکەن |
| ٪٥٢ | ئەو خێزانانەی کە سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان هەیە لە میانی سێ سەرچاوەی سەرەکی داهات. |
| ٪٣٢ | ئەو خێزانانەی کە بارودۆخیان باشترە یان وەک بارودۆخی پێشتر ماوەتەوە |
| ٪١٤ | ئەو خێزانانەی لە ناو ئەو خانووانەدا دەژین کە هی خۆیانە |

خشتەی ٣٥: سەرچاوەی سەرەکی داهات

| | |
|---|---|
| ٪٤٢ | بازرگانی نافەرمی یاخود کاری ڕۆژانە |
| ٪٢٨ | کاری مووچەدار (کەرتی تایبەت) |
| ٪٢٢ | کاری مووچەدار (کەرتی گشتی) |
| ٪٣ | مووچەی خانەنشینی |
| ٪٣ | بازرگانی تایبەت |
| ٪٢ | پارە لە لایەن خێزان/ هاوڕێیان لە ناو عێراق |
| ٪١ | قەرزکردنی پارە لە هاوڕێیان یان خێزانەوە |
| ٪١ | پاشەکەوت |
| ٪١ | نەختینە/ بەخشین یاخود یارمەتی لە لایەن دامەزراوە نیشتیمانیەکانەوە |
| ٪١ | ئەوانی تر |

٥٠ بژاردەکانی تری وەڵامدانەوە بریتین لە: 'خانوویەکی باشتر'، 'ئازادی بۆ ڕادەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی من/بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی'، 'پشتگیری ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگە'، 'تێچووی گونجاوی گوزەران' و هەریەک بە کەمتر لە سەدا ٧ی خێزانەکان ئاماژەیان پێدرا. ئەم ژمارانە دەشێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانن تەنها سێ بژاردەی وەڵامدانەوە دەستنیشان بکەن، بە کەم بزانرێن.

٥١ کاتێک سەرۆک خێزانی مێینە بە تەنیا ناو دەبرێت ئەمە واتە مێینەکە سەڵتە، بێوەژنە، جیاکراوە، تەڵاقدراوە، یاخود ئەگەر هاوسەرگیری کردبێت، ئەوا لە گەڵ هاوسەرەکەی ناژیت.

٥٢ بە پێی داتای هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ (ILA V) کشتوکاڵ و چاندن و ئاژەڵداری لە نێو سەرچاوە سەرەکیەکانی داهات دا بوون بە ٤٩ ٪ و ٧٧ ٪ ی شوێنەکانی گەڕاوەکان لە موسڵ و شنگال، کە قەزای ڕەسەنی سەرەکی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەن کە لە ئێستادا لە شاری دهۆک نیشتەجێن.

خشتەی ٣٦: پێداویستیە سەرەکیەکان[٥٣]

| | |
|---|---|
| ٪٣٧ | چاودێری تەندروستی |
| ٪٣٢ | دانەوەی قەرزەکان |
| ٪٣٠ | خۆراک |
| ٪٢٩ | پشتگیری کردنی ئەندامانی تری خێزان |
| ٪٢٧ | جلوبەرگ |
| ٪٢٣ | دانی پارە بۆ پەناگەی نوێ |
| ٪٢٢ | چالاکی بازرگانی یاخود گوزەران |
| ٪٢٠ | وەبەرهێنان |
| ٪١٩ | چاکردنەوەی خانوو لە ناوچەی ئاوارەبوون |
| ٪٩ | خوێندن و پەروەردە |
| ٪٦ | چاکردنەوەی خانوو لە ناوچەی ڕەسەن |
| ٪٢ | گواستنەوە |
| ٪٢ | یارمەتیدانی ئەوانی تر |

## لە خۆگرتنی سەلامەتی و کۆمەڵایەتی لە شوێنی هەنووکەیی دا

ئاستی سەلامەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا وا دەردەکەوێت کە زۆر بەرز بێت.[٥٤] نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان (٪٩٩) هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن و زۆر بە دەگمەن خێزانەکان ڕووبەڕووی جیاکاری بوونەتەوە (٪٩٥ ڕایانگەیاند کە هەرگیز ڕووبەڕووی جیاکاری نەبوونەتەوە). هەروەها ئاوارە ناوخۆییەکان هەست بە ئاسودەیی دەکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسانی خۆجێی ئەگەر پێویست بێت (٪٨٤)، هەرچەندە ئەمە نزمترین ڕێژەیە کە لە میانی ناوەندە شارنشینەکانی هەرێمی کوردستان دا ڕاگەیەنراوە. نزیکەی لە سەدا ٨٦ی ئاوارە ناوخۆییەکان خۆیان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە و نزیکەی هەموویان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان داوە (٪٩٣). بە گشتی وا دەردەکەوێت کە خێزانە ئاوارەکان گرنگی بە پرۆسەی سیاسی دەدەن. نەبوونی کارتی بایۆمەتری (٪٤٠) و نەبوونی توانای گەشتکردن بۆ شوێنەکانی دەنگدان (٪٣٤)، هۆکاری سەرەکین بۆ دەنگنەدان، هاوکات تەنها لە سەدا ١٣ی خێزانەکان ئاماژەیان بەوەدا، دەنگیان نەداوە لە بەر ئەوەی هیچ حەزپێکردن یاخود متمانەیان بە سیستەمی سیاسی نیە.

خشتەی ٣٧: سەلامەتی و لە خۆگرتنی کۆمەڵایەتی

| | |
|---|---|
| ٪٩٩ | هەست بە سەلامەتیەکی تەواو دەکەن |
| ٪٩٥ | ڕووبەڕووی جیاکاری نەبوونەتەوە |
| ٪٩٣ | لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان داوە |
| ٪٨٦ | خۆیان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمارکردووە |
| ٪٨٤ | هەست بە سەلامەتی دەکەن لە کاتی داواکردنی یارمەتی لە بەرپرسە خۆجێیەکان. |

## خواست و پلاندانان بۆ گەڕانەوە

هەرچەندە نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان وا دەردەکەوێت کە ئازادی هاتووچۆیان هەبێت و بەڵگەنامەی کەسی سەرەکییان هەیە (٪٩٦)،[٥٥] فاکتەرەکانی تر دەشێت سنووریان لەسەر توانای گەڕانەوەیان داناوە. یەکەم، زۆرێک لە خێزانەکان (٪٤٣) وا دەردەکەوێت زانیاریان سەبارەت بە ناوچەی ڕەسەنیان نەبێت، ئینجا یان لە بەر ئەوەی توانای دەستگەیشتنیان بەو زانیاریانە نیە یاخود هیچ خزم و هاوڕێیەکیان لە شوێنی ڕەسەن نیە ئەم زانیاریانەیان بۆدابین بکەن. دووەم، تەنیا لە سەدا ٢٤ی خێزانەکان بەڵگەنامەی موڵکیان هەیە، هەرچەندە لە زۆربەی حاڵەتەکان دا، نەبوونی بەڵگەنامە دەشێت ببەسترێتەوە بە ڕەسەنی خێزانەکانەوە، بەو پێیەی لە سەدا ٥٥ی خێزانەکان ڕایانگەیاند کە هەرگیز ئەو بەڵگەنامەیان نەبووە.[٥٦] دواجار، تەنیا لە سەدا ١٢ی خێزانەکان خاوەن خانوویەکن کە دەکرێت تێیدا نیشتەجێ ببن و زیاتر لە نیوەی ئەو خێزانانەی کە خاوەن خانوویەکن لە شوێنی ڕەسەن دا، ڕایانگەیاندووە کە خانوەکانیان بە تەواوەتی ڕووخاون.

خشتەی ٣٨: بارودۆخەکانی چواردەوری گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٩٦ | بەڵگەنامەی کەسیان هەیە |
| ٪٥٧ | زانیاری پێویستیان دەربارەی ناوچەی ڕەسەنیان هەیە |
| ٪٢٤ | بەڵگەنامەی خانوویان هەیە |
| ٪٢٢ | بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ناوچەی ڕەسەن باشترە |
| ٪١٢ | خاوەنی خانوویەکی گونجاو بۆ نیشتەجێبوونن |

دەرەنجامیش، ژمارەیەکی زۆر کەمی خێزانەکان هەنگاوی کۆنکریتیان بەرەو ئاراستەی گەڕانەوە ناوە و هەروەها چەند خێزانێکی کەمیش وابەستەبوونی بەهێزیان بۆ ناوچەی ڕەسەنیان نیشانداوە. کەمتر لە سەدا ١٠ی خێزانەکان هەوڵی گەڕانەوەیان داوە (٪٩ و ٪٣دوابەدوای یەک) و پلانیان داناوە بگەڕێنەوە و تەنها نزیکەی لە سەدا ١٣ی خێزانەکان داوای قەرەبوویان کردووە، ئەمە سەرەڕای زۆری ئەو خێزانانەی کە ڕایانگەیاندووە کە موڵک و شوێنی نیشتەجێبوونیان زیانیان پێگەیشتووە، لە میانی لێکەوتەکانی تری قەیرانی ٢٠١٤.[٥٧] ئەم ڕێژە نزمە دەکرێت بدرێتە پاڵ ئەو واقیعە کە خەڵکی ڕەنگە ئاگاداری میکانیزمی قەرەبووکردنەوە نەبن: تەنها لە سەدا ٢٥ی ئەو خێزانانەی خاوەنی خانوویەکی شیاوی نیشتەجێبوونن، ڕایانگەیاند کە ئاگاداری میکانیزمی قەرەبووکردنەوە نین. لە میانی ئەو خێزانانەی کە پلانی گەڕانەوەیان دارشتووە، باوترین هەنگاوی هەڵگیراو بریتی بووە لە ڕێکخستنی شوێن وجێگای مانەوە (٪٤٤)،دوا بە دوای ئەوەش پشکنین و زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە بارو دۆخەکانی شوێنی ڕەسەن (٪٣٣) و ڕێکخستن لە گەڵ خێزان و هاوڕێیان یاخود ئەندامانی کۆمەڵگا (٪٢٢). لە گەڵ ئەوەش، دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە چەندین خێزان بگەڕێنەوە و لە سەدا ٤٤ی خێزانەکان ڕایانگەیاندووە کەسێک دەناسن کە گەڕاوەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆی.

خشتەی ٣٩: پلاندانان بۆ گەڕانەوە

| | |
|---|---|
| ٪٤٤ | کەسانێک دەناسن کە بە سەرکەوتووانە گەڕاونەتەوە |
| ٪١٣ | داوای قەرەبوویان کردووە ( ئەگەر خاوەنی خانوو بن لە ناوچەی ڕەسەن) |
| ٪٩ | بە لایەنی کەمەوە یەکجار هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە |
| ٪٣ | پلانیان داناوە بۆ گەڕانەوە |
| ٪١ | زیاتر لە یەکجار هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە |

## نیازەکان و چارەسەری بەردەوامی بە باشزانراو

تا ئێستا نزیکەی لەسەدا ٨٧ی خێزانەکان خۆیان بە "ئاوارە" هەژمار دەکەن، کە ئەمە بەرزترین ڕێژەیە لە ناو ناوەندە شارنشینە هەڵسەنگێراوەکان دا.ویستی مانەوە (٪٦٦) و بێ بڕیاری (٪٣) زیاتر لە دوو ئەوەندەی ئەوانەیە کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە (٪٢٨). هەروەها نزیکەی هەموو ئەو خێزانانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە هەنگاوی کردەنیان بەرەو ئەم ئاراستەیە نەناوە (٪٩٠) و یان دڵنیانین لە بارەی ڕێکەوتی گەڕانەوەیان (٪٢٠) یاخود پلان دادەنێن لە ماوەی ٦-١٢ مانگ دوای کۆکردنەوەی داتا (٪٤٠) بگەڕێنەوە، ئەمە واتە نزیکەی لە سەدا ٨٠ی کۆی دانیشتوانی ئاوارە دەیانەوێت لە شوێنی هەنووکەییان لە شاروچکەی زاخۆ بۆ ساڵی داهاتوو بمێننەوە.

٥٣ بۆ ئەوەی پێداویستیە سەرەکییەکان هەڵبسەنگێنرێت پرسیار لە خێزانەکان کرا 'بیهێننە پێش چاوتان بۆ ساتێک کە خێزانەکانتان بڕە پارەیەکی زۆری بە میرات بۆ ماوەتەوە. تکایە ئاماژە بە سێ لەو بڕگە سەرەکیانەی کە خێزانەکەتان ئەم پارەیەی بۆ بەکاردەهێنێت بدەن (بە دەستپێکردن لە بڕگەی اەوە وەک گرنگترینیان). خشتەکە ڕێژەی ئەو وەڵامدەرانە پیشان دەدات کە ئاماژەیان بە هەر بژاردەیەک کردووە، نەوەک ئەو ئەولەوییەتەی کە بە هەر بژاردەیەک دراوە.


٥٤ ئەمە دەرەنجامەکانی داتای سەلامەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەو شێوەی کە لە ئاوارەبوونی شارنشینی دا هاتووە پشتڕاست دەکاتەوە: شیکاریەکی سەرەتایی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی عێراق ٢٠٢٠.

٥٥ بەڵگەی نەتەوەیی، ناسنامەی نیشتمانی و کارتی نیشتەجێبوون لە سێ بەڵگەنامەی سەرەکین کە ونبوونیان ڕادەگەیەنرێت.

٥٦ زیاتر لە نیوەی ئاوارە ناوخۆییەکانی شاروچکەی زاخۆ لە بنەڕەت دا خەڵکی قەزای شنگالن، کە تێیدا ونبوونی بەڵگەنامەکانی خانوو و زەوی و مۆڵکداری زۆر بەربڵاوە و پێشتر وەک کێشەیەک ناسراوە.

٥٧ لە سەدا ٥٥ی ئەو خێزانانەی لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان خانوویان هەیە، ڕایانگەیاند کە خانووەکەیان بە تەواوەتی ڕووخاوە و لە سەدا ٢٣شیان ڕایانگەیاند کە بەشێکی خانووەکەیان ڕووخاوە/ زیانی پێگەیشتووە، بۆیە بۆ نیشتەجێبوون ناشێت.

شێوەی ١١: نیازی خێزانەکان لە حاڵەتێک ئەگەر هیچ بەربەستێک ڕووبەڕوویان نەبێتەوە[٥٨]




خشتەی ٤٠: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ڕەسەن


| | |
|---|---|
| ٪٤٧ | ئاسایشی نا سەقامگیر |
| ٪٣٣ | نەبوونی دەرفەتی ئابووری |
| ٪٢٢ | نەبوونی خانووبەرە |
| ٪٧ | خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بەردەست نین یاخود بە گوێرەی پێویست نین |
| ٪٥ | ترس یاخود تاسانی پەیوەندیدار بە گەڕانەوە |
| ٪٥ | ڕێگری لێکراو لە گەڕانەوە |

خشتەی ٤١: فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ناوچەی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| ٪٣٨ | ئاسایشی سەقامگیر |
| ٪١٣ | دەرفەتی ئابووری باشتر |
| ٪١١ | بارودۆخی باشتری گوزەران |
| ٪٧ | نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە |
| ٪٥ | بوونی ئەندامێکی خێزان لە قوتابخانە |
| ٪٤ | باری تەندروستی ڕێگرە لە بەردەم گەڕانەوەی خێزان |

هۆکاری سەرەکی بۆ دواخستنی گەڕانەوە پێدەچێت نەبوونی ئاسایش بێت لە شوێنی ڕەسەن (٪٤٧)، ئینجا بە دوای ئەمیش نەبوونی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان (٪٢٢) و نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە (٪١١) دێت. نزیکەی لە سەدا پێنجی خێزانەکان ئاماژەیان بە کێشەی خێڵەکی/ یان ئاشتبوونەوە کردوە و لە سەدا ٧یش ئاماژەیان بە ترس یاخود تاسانی پەیوەندیدار بە گەڕانەوە کرد. لەزاخۆ هیچ خێزانێک نەیگوت کە ڕێگری لە گەڕانەوەیان کراوە. فاکتەرەکانی پەیوەست بە ناوچەی ئاوارەبوون کەمتر بەربڵاون، کە بەرچاوترین فاکتەر بریتیە لە نەبوونی خانوو و بەرە لەناوچەی ڕەسەن (٪٣٣) و دەرفەتی ئابووری باشتر (٪١٣) و ناونووسکردنی قوتابیان لە قوتابخانە (٪٧).

نەخشەی ٩: نیازی داهاتوو بۆ هەر گەڕەکێک




٥٨ پرسیاری لە وەڵامدەرەوەکە کرا 'بیهێنە پێش چاوت بۆ ساتێک کە هیچ بەربەستێکت نیە بۆ گەڕانەوە یان مانەوەت لەم شوێنەی ئێستادا: شوێنی پەسەندی خێزانەکەت کوێ دەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لێی بژیت؟

## ئەو فاکتەرانەی کە کار لە ویستی گەڕانەوە دەکەن


دیارە چەندین تایبەتمەندی لە ناو خێزان دا هەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆییان هەیە لەسەر نیازەکانی داهاتوو. ئەو خێزانانەی کە مێینە بەڕێوەیان دەبات بەنیازی مانەوەن لە شوێنی ئێستادا یاخود بڕیاریان نەداوە- زیاتریش لە بەر ئەو واقیعەیە کە ئەوان لاوازترن، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەنها لە سەدا ٢٧ی مێینەکان کار دەکەن، لە بەرانبەر لە سەدا ٦٦ی سەرۆک خێزانی نێرینە، کار دەکەن. هەروەها گروپە کەمینەکان زیاتر ویستی خۆیان (٤١٪) بۆ مانەوە دەرخستووە بە بەراورد لە گەڵ گروپە سەرەکیەکانی نەتەوەیی-ئایینی.

ژمارەکان زۆر پشت بەوەش دەبەستن کە خێزانەکان لە بنەڕەت دا خەڵکی کوێن: خێزانەکانی خەڵکی شنگال زیاتر دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان بە بەراورد لە گەڵ ئەو خێزانانەی لە بنەڕەت دا خەڵکی موسڵ وتەلەعفەرن، کە نزیکەی هەموویان دەیانەوێت لە شوێنی هەنووکەیان لە زاخۆ بمێننەوە.

ئاوارەبوون بۆ چەندین جار بە شێوەیەکی ئەرێنی کاری لە نیازی گەڕانەوە کردووە، دەرەنجامێکیان ئەوە بەرجەستە دەکات کە گەڕانەوەی شکستخواردوو، نابنە هۆی ساردکردنەوەی خەڵکی لە گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەنیان. لە کاتێک دا کە لە سەدا ٢٣ی ئەو خێزانانەی بۆ یەکجار ئاوارەبوونە، دەیانەوێت بۆ ناوچەی ڕەسەنیان بگەڕێنەوە، ئەم ڕێژەیە بۆ لە سەدا ٦٢ بۆ ئەوانەی چوار جار یان زیاتر ئاوارەبوونە زیادبووە.[٥٩] تەنها لە سەدا ٣ی خێزانەکان دەیانەوێت بۆ دەرەوەی وڵات گەشت بکەن. چەندین هۆکار دەشێت کار لە نیازی خێزانەکان بکات، بەڵام گرنگترینیان بریتیە لە نەبوونی ئاسایشی هەستپێکراو، نەک تەنیا لە ناوچەی ڕەسەن، بەڵکو لە شوێنی هەنووکەییشدا. ئەمە حاڵەتەکەیە بۆ ئەو خێزانانەی کە پێش قەیرانی ساڵی ٢٠١٤ تووشی ئاوارەبوون بوونەتەوە (٨٪).

.

شێوەی ٩: ئەو فاکتەرانەی کار لە نیازەکان دەکەن




٥٩ ئەم دەرەنجامە تەنها دەرخەرە لە بەر بچووکی قەبارەی سامپلەکە/ نمونەکە.

# IOM IRAQ


@IOMIraq

نووسینگەی سەرەکی لەشاری بەغدا
کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد/عێراق

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int



© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢١

نابێت هیچ بەشێکی ئەم ڕاپۆرتە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.